# نووسینی ئۆتۆماتیکی لەشیعری نوێی کوردیدا

**ئەم توێژینەوەیە پوختەیەکی هەڵێنجراوە لەنامەی ماستەر بەناونیشانی: (نووسینی ئۆتۆماتیکی لەشیعری نوێی کوردیدا – بەدیالێکتی کرمانجی خواروو) , کە پێشکەش کراوە بە بەشی کوردی /کۆلێژی پەروەردەو زمانی زانکۆی چەرموو.**

**پ.ی.د سامان عیزەدین سەعدون[1]، سالار کەریم حسێن[2]**

١زانکۆی چەرموو – کۆلێژی پەروەردەو زمان - بەشی کوردی

٢زانکۆی چەرموو – کۆلێژی پەروەردەو زمان - بەشی کوردی - خوێندکاری ماستەری ئەدەب

---

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٠ پ.ی.د سامان عیزەدین سەعدون، سالار کەریم حسێن



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## ملخص البحث

يعتبر بحثنا ( الكتابة الأوتوماتيكية في الشــعر الكردي الحديث) محاولة لإلقاء الضــوء على تقنيات الكتابة الأوتوماتيكية في الشعر الكردي الحديث . لايخفى أن تقنية كتابة الأوتوماتيكية (الآلية) أهم ركن من أركان الإبداع في الســوريالية , يتألف البحث من قســمين : الأول نظري يحمل عنوان (حول كتابة الآلية) وفي البدء أشــرنا إلى الجذور التأريخية للتعبير العفوي والآلي للإنسان في الحضارات القديمة , ثم شرحنا هذا المفهوم والمصطلح الجديد , وتطرقنا إلى القواسم المشتركة بين كتابة الأوتوماتيكية والشعر العادي بشكل عام .

وخصــصــنا القســم الثاني للجانب التطبيقي في الكتابة الأوتوماتيكية في الشــعر الكردي , فتناولنا بداية , أولى المحاولات الأوتوماتيكية في الشــعر الكردي الحديث ، التي ظهرت في مرحلة بدايات ســبعينيات القرن المنصــرم ، ووضحنا بعدئذ كيفية تقدم وتطور هذا النوع من الشعر في تسعينيات القرن الماضي ، ولشعر كلا النوعين انتقينا أمثلة عدة عززناها بالتحليل وكشفنا فيها العناصر البارزة للكتابة الآلية .

## Abstarct

The Summary of The Research which is called (Automatic Writing in Kurdish Modern Poetry) is an attempt to explain the genre of automatic writing in Kurdish poetry, this technique is one of the most important mechanism in the surrealism, the research is composed of two parts, the first part is theoretic in which we explained the historical backgrounds about the automatical expressions in old civilizations and then the analysis of those expressions by the modern terms, next we pointed out the similarities between automatic poetry and normal poetry. Then we specified the second part is about practicing automatic writing in modern Kurdish poetry, we mentioned the first attempt of composing modern Kurdish poetry in the seventies, and then we mentioned the progress of this type of poetry in the nineties, as for each phase we gave examples and analyses the poems according to the criteria and standards of automatic writing.

## پێشەکی

نووسینی ئۆتۆماتیکی سەرەکیترین میکانیزمی هونەری نووسینە، کەهەر لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزمدا لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە ، شانبەشانی ئەو ڕێبازە گەشەی کردووەو پەیڕەوکراوە ، بەڵام شیعری کوردیی درەنگ پێی ئاشنا بووە و تائێستا لەناوەندی ڕۆشنبیریی ئێمەدا بەرچاوڕوونی و ئاشنایەتیەکی ئەوتۆ لەبارەیەوە نیە ، ئەمەیش تاڕادەیەك شتێکی نامۆ نیە ، چونکە دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیی سەدەی بیستەم بۆ گەیشتنی ڕاستەوخۆو خێرای تەوژمە نوێگەریەکانی جیهان هاوکاری ژینگە ڕۆشنبیرییەکەمان نەبوە ، لەلایەکی تریشەوە داخراوی عەقڵیەتی ڕەخنەیی و ئەکادیمیش تا ئەم ساڵانەی دوایی و پێشوازی نەکردنی خێرا لە ئاراستە جۆراوجۆرەکان هۆکارێکی دیکە بوون ، بۆیە بۆ ڕوونکردنەوەو ڕاڤەکردنی چەمکەکە ، ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی : (نووسینی ئۆتۆماتیکی لەشیعری نوێی کوردیدا) تەرخان دەکەین، سەرەتا لەڕووی تیۆریەوە لەچەند لایەنێکەوە شرۆڤەی دەکەین، پاشان قەبارەی کاریگەریی و پراکتیزەکردنی لەشیعری نوێی کوردیدا دەخەینەڕوو.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە :**

چەند هۆکارێك لەپشت هەڵبژاردنی ئەم بابەتەوە بوون ، لەوانە گرنگی و بایەخە زانستیەکەی ، هەروەها نەبوونی هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی پێشتر لەبارەی بابەتەکەوە بەشێوەی نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا لەزانکۆکانی کوردستاندا ، تەنانەت لە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانیشدا بەدەگمەن و ڕاگوزەری نەبێت ، هیچ توێژەرێك بەلای ئەم بابەتەدا نەچووە ، ئەگەر هەوڵی تاکوتەرایش هەبێت ، ئەوا لەسنوری ناوهێنان و ئاماژەکردن تێنەپەڕیوە و بەشێوەی زانستی و ئەکادیمیی قووڵ و تایبەتمەند خۆی بۆ تەرخان نەکردوە و نەیتوانیوە ئامانجەکانی بابەتەکە بپێکێت ، ئەمەیش کەلێن و بۆشاییەکی زانستیی لەبوارەکەدا دروستکردوە .

**میتۆدی زانستیی توێژینەوەکە :**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە خۆمان بەیەك میتۆدی دیاریکراوەوە پابەند نەکەین ، بەڵکو بەکراوەیی سودمان لەچەند میتۆدێکی زانستیی وەرگرتوە ، چونکە سروشتی ئەم توێژینەوەیە بەجۆرێکە، کە چەند ڕەهەند و جەمسەرێکی جۆراوجۆری لەخۆیدا کۆکردوەتەوە و ئەمەیش وا دەخوازێت بۆ خزمەتی لایەنی زانستی و ئەکادیمی و پرۆسەی شیکاری دەقەکان ، سود لە میتۆدەکانی : (دەروونناسی، وەسفیی، زمانگەری، سایکۆ – سۆسیۆلۆژی... هتد) وەربگرین ، بۆئەوەی دەستکراوانەتر کارەکەمان بە ئەنجام بگەیەنین .

**سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری کاری ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی نووسینی ئۆتۆماتیکیە لەچوارچێوەی سوریالیزمدا لەشیعری نوێی کوریدا ، تەنها کار لەناو دیالێکتی کرمانجی خوارووودا دەکات ، تیشك دەخاتە سەر سەرهەڵدانی نووسینی ئۆتۆماتیکی بەچەمکە زانستیەکەی لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە هەتا ئێستا .



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## بەشی یەکەم : لەبارەی نووسینی ئۆتۆماتیکیەوە:

### پاری یەکەم : نووسینی ئۆتۆماتیکی ، چەمك و پێناسە:

نووسینی ئۆتۆماتیکی بەیەکێك لە میکانیزمە سەرەکی و ڕێگا بنچینەییەکان لای سوریالیستەکان دادەنرێت , کەبەو هۆیەوە هەوڵی گەیشتنیان دەدا بەجیهانێکی تر، کەتەواو جیاوازە لەو جیهانە باوەی کەهەمووان پێی ئاشناین ، بۆناسین و ڕاڤەکردنی ئەم زاراوەیەو لێکدانەوەی واتاو مەدلولە ئەدەبیەکانی پێویستمان بەدوو خاڵی سەرەکی هەیە , یەکەمیان بریتیە لەناسینی زاراوەکەو ئاشنابوون و تێگەیشتن لەچەمکە گشتیەکەی لەسەر چەندین ئاست، دووەمیشیان ڕوونکردنەوەو تیشك خستنە سەر ئەو لایەنانەیە ، کەدەیسەلمێنن چۆن ئۆتۆماتیکیەت سەرەڕای جیاوازی جەوهەری لەگەڵ شیعری ئاساییدا لەسەر زۆربەی ئاستەکان ، بەڵام لەناو گوزارەی شیعردا جێگای دەبێتەوە ، بەواتایەکی تر ، ئایا تا چ ڕادەیەك لادان لەنۆرم و یاسا باوەکانی شیعر ، دواجار جۆرێکی تر لە دەقی شیعری بەرهەم دێنێت.

بۆناسین و ڕوونکردنەوەی چەمك و زاراوەی نووسینی ئۆتۆماتیکی ,سەرەتا دەگەڕێینەوە بۆ ڕەگوڕیشە مێژووییەکانی دەربڕین و گوزارشتی ئۆتۆماتیکیانە ، چ لەقسەکردن و ژیانی مرۆڤدا ، یان لەسەر ئاستی فەلسەفە و ئەدەبیات و ڕۆشنبیری و شارستانیەت و ئاینە دێرینەکان ، پاشان دێینە سەر فۆرمی نوێی ئەم چەمکە و وروژاندنە ئەکادیمی و زانستیەکانی و واتاو تێگەیشتنی هاوچەرخی زاراوەکەیش ڕوون دەکەینەوە ، چونکە وەك (میشیل کاروج) دەڵێت : " ئۆتۆماتیکیەت لەهەمان کاتدا زۆر کۆنەو زۆر نوێیشە."[١].

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆسەرەتاکانی ژیان لەسەر زەوی و بەشێوەیەکی لۆژیکی سەرنج لەڕابردووی ژیان و شارستانیەت بدەین ، ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ، کە مرۆڤ هەرلەکۆنەوە هەوڵیداوە لەدیاردەکانی چواردەوری خۆی تێبگات ؛ بۆیە هەمیشە لەبەرامبەر هەموو پێشهات و ڕووداوە جۆراوجۆرە سروشتی و گەردوونیەکاندا ڕاڤە و لێکدانەوەی خۆی هەبوە ، بەڵام لەبەر نەبوونی بەڵگەی زانستی و لۆژیکی و بەردەست نەبوونی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوی پێویست ، بەناچاری زۆرجار شرۆڤەیەکی خۆکارانە و لەخۆڕای بۆدیاردەکان کردوە ،کەزۆرجار مۆرکێکی عەفەویانەی پێوەدیاربوە ،بەڕای ئێمە لێرەوە سەرەتاکانی یەکەم جۆری سادەو ساکاری گوزارشتی خۆبەخۆیی و ئۆتۆماتیکیەتی دەربڕین دەرکەوتوە ، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیانی مرۆڤ و پەیدابوونی خەت و نووسین ، لەشارستانیەت و بیروڕا ئاینیە کۆنەکان و ئاینە بێ خوداکان، لەزۆرێك لەو شارستانیەت و ئاینە دێرینانەدا ڕەگەزی ئۆتۆماتیکیانە بیرکردنەوەو دەربڕین ئامادەیی بەردەوامیان هەبوە ، لەم ئاینانەیشدا بەنموونە ئاماژە بەئاینی تائۆ (Tao)ی چینی دەکەین وەك هەبوونی چەندین بنەمای سەرەتایی ئۆتۆماتیکیەتی دەبڕین و بیرکردنەوە . لەڕووی تایبەتمەندی ئەم ئاینەوە - تائۆ- دەتوانین بڵێین ئاینێکی زەینی و خۆدوێنە و لەو بڕوایەدایە مرۆڤ لەم جیهانە خراپەدا ناتوانێت بەهۆی کارکردن ، ئاوەزو خۆگونجاندنەوە بگاتە ڕاستی و زانین ، بۆیە پێویستە بەهۆی ڕامان و خۆدواندنی عاریفانەوە لەو یەکایەتیە تێبگات ، کە لەسەروی واقیعیەتە کاتیەکانەوەیە[٢]، جگەلەوەیش (لائۆتسە) ی پێشەوایان کە دەگوترێت هاوسەردەمی کۆنفۆشیۆسە و کۆنفۆشیۆس ئیلهامی زۆری لەم مامۆستایە وەرگرتووە[٣] ،

---

١ میشیل کاروج ، اندریه بروتون والمعطیات الأساسیة للحرکة السریالیة ، ترجمة: الیاس بدیوی ، منشورات وزارة الثقافة، دمشق ، ١٩٧٣، ل ١٤٤.

٢ ڕێبوار سیوەیلی ، مێژووی هزری کۆمەڵایەتی، چ ١، بەرگی یەکەم ، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای زەریاب ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، ٢٠١١ ، ل ٦٠ – ٦٢.

٣ حسن شهباز ، سیری در بزرگترین کتابهای جهان (جلد أول) ، چاپ سوم ، مؤسسة انتشارات أمیر کبیر ، تهران – ١٣٨١ ، ل ١٧ – ١٨ .

هەندێكجار لەفۆرمی گوزارشتی شاعیرانەدا بەچەندین دێڕە شیعری شەتەحات باسی بیروڕا ئاینییەكانی خۆی لەبارەی (تائۆ) وە كردوە و وەسفی كردوە و ڕوونی كردوەتەوە [٤] ، كە جگەلەوەی هەندێك لەدەقەكان سەربە جیهانی شیعر و دەربڕینی شاعیرانەبوە ، لەهەمان كاتدا جۆرێك لە مۆركی خۆبەخۆیی و ئۆتۆماتیكی بوونیان پێوە دەبینرێت ، لەهەمان كاتیشدا شەتەح خۆی نزیكە لە دەربڕین و نووسینی ئۆتۆماتیكیەوە.

هەر لەمێژووی دێریندا ئەگەر سەرنج لەتێزی فەیلەسوف و بیرمەندە گەورەكانی یۆنان، بەتایبەتی فەیلەسوفە پێش سوقراتیەكان بدەین ، چەندین ئاراستە و ڕاوبۆچوون دەبینین ، كەپڕن لەئاماژەی گرنگیدان بەلایەنە شاراوە و نهێنی و قووڵاییە ناوخۆیی و دەروونی و نەستیەكانی مرۆڤ و زەقكردنەوەی ڕۆڵی ڕەگەزی ناعەقڵانی و دەربڕینە ئۆتۆماتیكی و لەخۆڕاكانی مرۆڤ . (تالیس ٦٢٤ – ٥٤٨ پ،ز) گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی كە : " بڕوا بكات هەموو جیهانی ماددی پڕە لەهێز ، بەمجۆرەیش ، جوڵەو بزاوتی شتە ماتریاڵیەكان ، پەیوەندی بەهێزێكی ناوەكیەوە هەیە لەخۆیاندا، نەك بەهێزێكی بزوێنەر " [٥] ، فەیلەسوفێكی تری ئەو سەردەمانە كەلەم بوارەدا بیروبۆچوونەكانی گرنگن (ئەناكسیمەندەر ٦١٠ – ٥٤٦ پ.ز)ە ، كە ئەمیش پێی وابوە دیاردە و ڕەگەزەسروشتیەكان بە پاڵنەری خودی و هێزی ناوخۆیی خۆیان بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكیانە لەفۆرمێكەوە دەگۆڕین بۆ فۆرمێكی تر [٦] ، " هەروەها لەباسی دانایی و پەی بردن بەبوون و گەردوون ، ئاماژە بە گرنگی ڕەگەزێك دەكات كەنەناسراوو نەبینراو نەزانراوە و پێناسەی چیەتیەكەی ئاسان نییە وە پێی وایە هەوێنی جیهان و بوون لەبەرامبەر زانین و ناسین و ئیدراكدا ، خۆی نادات بەدەستەوە و پێی وایە عەقڵ بۆناسینی جیهان شیاو نیە ، چونكە هەوێنی بنەمای جیهان لەكۆتاییدا ناچێتە چوارچێوەی تێگەیشتنی عەقڵەوە " [٧]، ئەم بۆچوون و دەربڕینانە لەگەڵ بۆچونی سوریالیستەكانی سەدەی بیست و دامەزرێنەرە فەرمیەكانی نووسینی ئۆتۆماتیكیدا لەزۆر لایەنەوە هاوشێوەو چوون یەكن ، بەتایبەتی لەڕەتكردنەوەی عەقڵ و لۆژیك و پێداگری لە پێگەو ڕۆڵی ڕەگەز و توخمی نادیار ، كە دەكرێت بەنەست و ناخ و دەروون و زەین هەژمار بكرێت ،ئەمانەش پایەكانی نووسینی ئۆتۆماتیكین ، جگەلەوانەی كەباسمانكردن ، دەتوانین ئاماژە بەدەقە شیعریەكانی (ئەمپادۆكلیس ٤٩٢-٤٣٢ پ.ز) بكەین ، كە پڕن لەدەربڕینی نیمچە ئۆتۆماتیكیانە و شرۆڤە و شیكارو ڕاڤەی دیاردەكانی سروشت و بوون ، بەشێویەكی هەڵقوڵاو لەلایەنی خودی و تاڕادەیەك دوور لەبەهاو ڕاستی زانستی و بەڵگە و دیكۆمێنتی پشتڕاستكراوەی لۆژیكی و واقیعی، ئەوەتا ئەریستۆتالیس لەبارەی بۆچوونی ئەمپادۆكلیسەوە ڕای خۆی دەربڕیوەو ڕەخنەی لێگرتووەو، هەروەها (تیمۆن) بەهۆی ئەوڕستەو دەربڕینانەیەوە (ئەمپادۆكلیس )ی تۆمەتباركردوەو وتوویەتی: " ئەمپادۆكلیس شیعرگەلێكی بێمانای گوتوون" [٨] .

هەرلەشیعرو ئەدەبیاتی كۆندا دەتوانین چەندین ئاماژەو نیشانەی ئۆتۆماتیكیانە لەشیعری (لیریكی)دا بدۆزینەوە ، چونكە ئەمجۆرە شیعرە دەنگی خودیی شاعیرەو هەڵقوڵاوی ناخ و دەروونیەتی و هەڵگری تایبەتمەندێتی قووڵی

4 Christian and Buddhisdist , New York , Harper & Brothers , 1957 , pp. 18 - 19 : Suzuki , Mysticism.

٥ ڕێبوار سیوەیلی , فەلسەفەی پێشسوكرات لەتالیسەوە تا دیمۆكریتۆس ، چاپی یەكەم، بەرگی یەكەم ، دەزگای زەریاب ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، ٢٠١٢ ، ل ٢٨.

٦ عبده مباشر , على شاطئ الفلسفه , الهيئه المصريه العامه للكتاب،٢٠٠٥،ل٣٦.

٧ ڕێبوار سیوەیلی , سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٩ .

٨ سەرچاوەی پێشوو , ل ٣٢٨.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

کەسیی و خۆدەربڕینیەتی ،" شیعری لیریکی ئەو بابەتانە دەگرێتەوە ، کە گوزارشتن لەهەڵچوون و نەشئەی ناوەکی و بەوە جیادەکرێنەوە کەتەقینەوەیەکی ئۆتۆماتیکیانەی چڕو پڕی ناخی شاعیرن "[٩] ، هەروەها ئەم جۆرە شیعرە هێندە مۆرکی خودێتی پێوە دیاربوە ، کەشـــاعیران نەك هەر شـــیعرەکانیـان بۆگۆرانی وتوە بەڵکو زۆر جار خودی خۆیان خۆکارانە شیعرەکانیان تێکەڵ بەئاواز و سەدای بڵند کردوەو گۆرانییان پێ چڕیوە " خودی وشەی (Lyric)یش لەوشەی یۆنانی (Lyra)وە هاتوە کەئامێرێکی مۆســـیقا بوەو شـــیعری بەگۆرانی پێوتراوە " [١٠] ، هەر لەمبارەیەوە هەندێك لەفەیلەسـوف و شـاعیرە کۆنەکان بۆراکێشـانی سـەرنجی خەڵکی و کۆکردنەوەیان لەچواردەوری خۆیان بەمەبەسـتی ئەوەی گوێیان لێبگرن ، ئامێری میوزیکیان بەکارهێناوە و ئۆتۆماتیکیانە لەگەڵیدا چەندین ڕســـتەو قســـەیان دەربڕیوە کەلەگەڵ ئاوازی میوزیکەکەدا گونجاندویانە ، بۆنموونە: (گەزنۆڤان ٥٧٠ – ٤٧٥ پ.ز) ، کەبیرمەندو فەیلەســـوف و گەڕیدەیەکی گەورەی ســـەردەمی پێش ســـوکراتە " بەســـازەکەیەوە بەســـەر شـــەقامەکاندا دەگەڕا ، لەشـــەقامەکاندا خەڵکێکی بێشـــومار لەدەوری کۆدەبونەوە و ئەویش کۆمەڵێ حیکایەت و داســـتانی پاڵەوانانەی خۆی و کەســـانیتری بۆدەگێڕانەوە " [١١] ، لەم بەکارهێنانی ئامێری میوزیکیەدا ئۆتۆماتیکیانە چەندین بیروڕای فەلسـەفی و جیهانبینیی خۆی لەگەڵ گێڕانەوەکانیدا تێکەڵ کردووە ، هەر لەبابەتەکانی ئەزموونی کەســـیی خۆی هەتا بیروڕای ئاینیی و تێڕوانینی تایبەتی خۆی لەگەردوون و خوداو بوونناسی ، لەکۆی گشتی ئەو قسانەی پێشوومانەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی ، کەهەر لەســـەردەمە کۆنەکانەوە ، چەندین ئاماژەو دەربڕینی نیمچە ئۆتۆماتیکیانەش هەبوون و بەتەنیا لایەنی هزری و عەقڵانی و بیرکردنەوەی لۆژیکیانە ڕۆڵیان نەبوە ، بەڵکو لەکۆی ژیارو شارستانیەتەکاندا بابەتەکانی نەست و نائاگایی و ناخ و دەروون و ڕەگەزی گوتنی خۆڕســکانەو بێ بیرکردنەوەیش دیوێکی تری مەعریفە و ڕۆشــنبیرییان پێکهێناوە ، بەڵام لەسەردەمە نوێیەکاندا زیاتر هەوڵدراوە لەقاڵب و چوارچێوەی زانستی و ئەکادیمیدا ڕاڤەو شرۆڤەی بۆبکرێت و توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت .

بۆتێگەیشتن لەچەمکی (نووسینی ئۆتۆماتیکی) ، بەپێویستی دەزانین سەرەتا سەرنج بدەین لەمانیفێستی یەکەمی ســـوریالی کەلەســـاڵی (١٩٢٤ ز) دا بڵاوکراوەتەوە ، لەوێوە لەبنەماکانی داڕشـــتنی ســـوریالیزم و ئاراســـتەی بۆچوونی (ئەندریەبریتۆن) ەوە بۆئەم ڕێبازە ، هێڵە گشتیەکانی نووسینی ئۆتۆماتیکی هەڵێنجین و پاشان ئاماژە بۆتێگەیشتنی تایبەتی ناوبراو بکەین بۆئەم چەمکە ، (ئەندریەبریتۆن) لەچوارچێوەی پێناســـەی گشـــتگیری ڕێبازی ســـوریالیزمدا ، دەڵێت: " ســـوریالیزم بزوتنەوەیەکی خودیی دەروونیی ڕوونە ، کە مەبەســـت لێی بریتیە لە گوزارشـــتکردن لەکاری ڕاســـتەقینەی بیر ، جا بەزارەکی بێت یان بەنووســـین یان هەر ڕێگایەکی تر ، بەبێ بوونی هیچ چاودێرییەکی عەقڵ و لۆژیك ، دوور لە هەموو بەهایەکی ئیســـتاتیکی و ڕەوشـــتی" [١٢] ، بە ڕامان و وردبونەوە لەو پێناســـەیە ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ، کە (بریتۆن) وەك ڕابەرو پێشـــەنگی ســـوریالیزم ، چەند تەوەرێکی گرنگی وروژاندوە و بەبنەماو پایەی ســـەرەکی ڕێبازەکەی داناون ، وەك: پێداگری لەخودێتی و دەروونی ، ڕەتکردنەوەی چاودێری و ڕابەرایەتیکردنی عەقڵ و ئاوەز بۆکاری داهێنان ، دوورکەوتنەوە لەســـتاتیکای باوو لایەنی ڕەوشـــتی . ئەم پێناســـەیە فرەیی و گشـــتگیریەکی

٩ د.خالد محمد فارس، معجم الفنون الأدبية ، الجزء الثاني، الطبعة الاولى ، دار اسامة للطباعة و النشر والتوزيع , عمان- الاردن، ٢٠١٦ ل ٨٨٧.

١٠ پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر ، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی ، وەرگێڕانی : ئەنوەر قادرمحەمەد ، بڵاوکراوەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی _ ٢٠١٠ ، ل ٣٦.

١١ ڕێبوار سیوەیلی ، فەلسەفەی پێشسوکرات ، لەتالیسەوە تا دیمۆکریتۆس ، ل ٢٠٢.

١٢ فيليب فان تيجم , المذاهب الأدبية في فرنسا , ترجمه:فريد انطونيوس،منشورات عويدات ، بيروت ، ١٩٦٧ ، ل ٣١٧.

زۆری تێدایە و چەندین لایەنی گرنگی لەخۆگرتوە لەوانە : ( لایەنی دەروونی ، زمانەوانی ، کۆمەڵایەتی ، هزری . . )، کەبۆهەریەکێکیان دەشێت لەچەندین لایەنەوە لێکدانەوەی قووڵیان بۆبکرێت، لەکۆی گشتی دیمەنەکەیشیدا بنەماکانی ناساندن و ئاشناکردنی سەرەتایی چەمکی ئۆتۆماتیکی دەبینرێت ، بەوەی کەدەتوانین بەهێرشێکی دابنێین بۆسەر شێوە ئاساییەکەی بیرکردنەوەو دەربڕینی ئەدەبی و زمانی مەئلوف، هەروەها پەی بردنیەتی بەوەی ، کە لەودیوی توانا ئاساییەکانی مرۆڤەوە کەئاشکراو زانراون و ڕۆژانە بەکاریان دەهێنێت ، تواناو لێهاتویی سەرسوڕهێن و (خارق) مان هەن کەناوبەناو هەستیان پێدەکەین و ئاماژە نهێنیەکانیان دەبینین ، بەڵام دواتر نازانین چۆن بەکاریان بهێنین ، کۆی ئەو ڕەهەندانەش تەواو نزیك دەبنەوە لەباوەڕ و دیدو تێڕوانینی ئەو بۆ ڕێگاو میکانیزمێکی تایبەت لەنووسیندا ئەویش (نووسینی ئۆتۆماتیکی)یە ، هەروەها دەڵێت: " نووسینی ئۆتۆماتیکی هۆکارێکی تایبەتە بۆ بەرهەمهێنانی دەقی شیعریی بەهۆی پراکتیك کردنی نائاگایی دەروونیی ئاشکراوە"[١٣]، ئەم پێناسەیە بەئاراستەی ڕەخساندنی هەل و دەرفەتی دەربڕینی ئەو وشەو وێنە پەنگخواردوانە دەڕوات، کە لەنەستەوە هەڵدەقوڵێن ، زەقکردنەوەی نائاگایی دەروونیە، گرنگیدانە بەناعەقڵانی لەپێناوی سەربەخۆبوون لەهەر جۆرە کاریگەرییەکی دەرەکی ، تا ئازادی بزاوت و جموجوڵ بدرێت بەهێزی ناوەکی ، بۆئەوەی شاعیر بەڕاستترین شێوە خۆی بخاتە ڕوو، ئەوەی کەلەناخیدا هەیە بەبێ سانسۆر و بێ هیچ بیرکردنەوەو پابەندبونێك بەقاڵب و فۆرمی هونەری و ستاتیکی ، ڕاستەوخۆ هەڵیڕێژێت ، ئۆتۆماتیکیانە چۆن دێنە دەرەوە بەهەمان شێوەو بەبێ دەستکاریکردن و ڕێکخستن ، بیانخاتە سەر کاغەز یان بەزارەکی گوزارشتیان لێ بکات.

لەفەرهەنگی جیهانیی زاراوە ئەدەبیەکاندا هاتوە : " نووسینی ئۆتۆماتیکی تەکنیکێکی نووسینە ، کەسوریالیستەکان بوژاندیانەوە لەسەر بنەمای نووسینەوەی بیرۆکەکان بەخێرایی و بەبێ وەستان ، بەدەر لەهەر جۆرە چاودێرییەکی عەقڵی و بەبێ گرنگیدان بە لایەنی جوانیی و ڕەوشتیی " [١٤]، هەروەها (هتشنسون) لەفەرهەنگە جیهانییەکەی خۆیدا بەمجۆرە پێناسەی نووسینی ئۆتۆماتیکی کردووە: " نووسینی ئۆتۆماتیکی دیاردەیەکی نائاساییە ، جۆرێکە لەخودێتی جموجوڵ ، کە کەسێك لەخۆیەوە دەنووسێت بەبێ ئەوەی کۆنترۆڵی نووسینەکەی خۆی بکات . " [١٥] ، لەفەرهەنگی زاراوە ناسی ئەدەبیی: (واژەنامە هنرداستان نویسی) ی هەردوو نووسەر: ( جمال میرصادقی , میمنت میرصادقی – ذوالقدر- ) ، بەمجۆرە پێناسەیان کردوە : " ئەو جۆرە نووسینەیە ، کە تیایدا نووسەر دەست بەرداری بینینی هۆشیارانە ، یان کۆت و بەندی زیهنی و عەقڵی دەبێت بەرامبەر بەو بابەتە هەنوکەیی و کتوپڕانەی ، کە لەنائاگایی و نەست و لاوەعیەوە سەرچاوە دەگرن ، ژمارەیەك لەنووسەران ئەم تەکنیکەیان لەنووسینەکانیاندا بەکاردەهێنا ، وەك هەردوو شاعیری فەرەنسی (ئەندریە بریتۆن) و (فیلیپ سۆپۆ)"[١٦]، (مۆریس بڵانشۆ) لەناساندنی ئەم چەمکەدا دەڵێت: " نووسینی ئۆتۆماتیکی ، میکانیزمێکە بۆ شکاندنی بەربەست و لەمپەرەکانی نێوان نووسەرو نووسین ، ئەو قەڵەمەی کە ئۆتۆماتیکیانە دەنووسێت ، کۆنتاکت و پەیوەندی لەگەڵ کەرەستەو مادە ڕەسەن و بنج و

---

١٣ أدونیس ، الصوفیه والسوریالیه ، دار الساقی ، بیروت ، لبنان ، الطبعة الرابعة ،٢٠١٠ ، ل١٢٦.

١٤ پۆڵ ارون ، دینیس سان – جاك ، الان ڤالیالا ، معجم المصطلحات الأدبیة ، ترجمه: الدكتور محمد حمود ، الطبعة الأولی ، المؤسسه الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع ، بیروت – لبنان ، ٢٠١٢ , ل٢٧.

١٥ هتشنسون ، معجم الأفكار والأعلام ، ترجمه: خلیل راشد الجیوسي ، الطبعة الأولی ، دار الفارابي ، بیروت – لبنان ، ٢٠٠٧ ، ل ٤٠٣.

١٦ جمال میرصادقی و میمنت میرصادقی (ذوالقدر) ، واژەنامە هنر داستان نوسیی،چاپ أول، تهران _كتاب مهناز، ١٣٧٧، ل ٩١.

بنەوانە ئەسڵیەکەی مرۆڤدا هەیە ، بەجۆرێك کەقەڵەمەکە سلبیاتی خاوەنەکەی دەنووسێت، بۆیە قەڵەمی ئۆتۆماتیك ئازادو سەربەخۆیە ، هیچ کەسێك دەسەڵاتی بەسەریدانیە وئەویش ئینتیمای بۆهیچ کەسێك نیە، بەخاوەنەکەیشیەوە " [17] (بریتۆنیش) لەڕەهەندی زمانەوانییەوە سەرنجی خۆی بەمجۆرە دەربڕیوە: " مەبەست لەئۆتۆماتیکی بڕینی پەیوەندی نێوان ڕستەو واتاکەی نیە ، یاخود وێرانکردن و پوچەڵکردنەوەی فەرهەنگ نیە ، بەڵکو زاڵبوونە بەسەر جەوهەری زماندا " [18]، ئەمەیش ئەو ڕاستیە دەگەیەنێت کەنووسینی ئۆتۆماتیکی خولقاندنی جۆرێکی جیاوازتری زمانە ، کەپابەندی هیچ زۆرکاری و ڕێسایەکی دانراوی عەقڵ ولۆژیك نابێت ، لەگەڵ ئەوانەشدا ئۆتۆماتیکیەت بەهەڵەی زمانەوانی دانانرێت ، بەڵکو شێوەیەکی تری زمانە کە پێشێلی باو دەکات ، هەندێك جاریش وشەکان هەڵگری جۆرە لوغزو کۆدێکن ، کەلەناخەوە بەشێویەکی هەڕەمەکی و ئۆتۆماتیکیانە دروست دەبن بە دەر لەهیچ بیرکردنەوەیەك دێنە سەرزار ، حاڵەت و ڕەگەزی کتوپڕیی دروست دەکەن ، وشەی ئانو ساتیی و خێران ، ئەگەر نەنووسرێن یان تۆمارنەکرێن خێرا لەیاد دەچنەوە، (میشیل کاروج) یش وەك توێژەرێکی ئەکادیمی و زانستیی بەئاگا لەبارەی سوریالیزمەوە ، نووسینی ئۆتۆماتیکی دەباتەوەی بەلای هەستی ڕەخنەیی مرۆڤ و سروشتی ئەو لەقبوڵ نەکردن و ڕەفزکردنی تەواوی ئەو دیاردەو بابەتانەی ، کەبەلایەوە ناپەسەندن و لە ناخیدا بەرپەرچ دانەوەو دژایەتیکردنی بۆ دروست دەبێت بەرامبەریان ، وە پێی وایە لەلای مرۆڤ توێژێکی بەرفراوانی ڕەخنەی بەردەوام و جۆراوجۆری فیتری و خۆنەویستانەو نائاگاییانە هەیە ، زۆر جار بورکانی ئەم هەست و توانا ڕەخنەییانەی هزری مرۆڤ لەچرکەساتێکدا لەچینە قووڵەکانی نەستەوە دەردەپەڕنە دەرەوەو دەتەقنەوە ، لێرەوە و لەسۆنگەی غەریزەی ڕەخنەگرانەی مرۆڤەوە پێناسەی چەمکی ئۆتۆماتیکی دەکات و دەڵێت: " نووسینی ئۆتۆماتیکی ڕێگایەکە بۆ شکاندنی بەربەست و دەروازەکانی بەردەم ئەم لافاوو گڕکانە زیهنیەی مرۆڤ بەشێویەکی فەوزاوی سوریالییانە " [19] ، بەو واتایەی کەمرۆڤ ئازادانە گوزارشت لەبۆچوون و دیدە ڕەخنەییەکانی خۆی دەکات و بۆئەوەیش سڵ لەوە ناکاتەوە کەهەڕەمەکییانە دەریان ببڕێت.

ئێمە لێرەوە ، هەوڵدەدەین وەڵامی پرسیارەکەی پێشوومان بدەینەوە ، کە ئایا چی وادەکات دەقێکی ئۆتۆماتیکی لەگەڵ شیعری ئاساییدا بەیەك بگەنەوە ؟ ، ئەم جۆرە شیعرە - شیعری ئۆتۆماتیکی- سەرەڕای تایبەتمەندی و جیاوازی خۆی ، بەڵام چەندین خاڵی هاوبەش و لێکچووی هەیە لەگەڵ شیعری ئاساییدا ، بۆنمونە هەردوو جۆرەکەی شیعر لە هەندێک لەوناسنامە گشتیەی کەشیعری پێدەناسرێتەوە هاوبەشن ، هاوبەشن لەخستنەڕووی هەستی مرۆڤایەتی ، ئاماژەکردن بەوتەی فرە دەلالەت، شیعری ئۆتۆماتیکی خۆی بانگمان دەکات و دێتە بەردەرگامان ، وەك (ئەندریەبریتۆن) دەڵێت:" هەستم دەکرد شیعرەکە لەشوشەی پەنجەرەکەمی دەدا " [20]، ئەمەیش ڕاکێشانی مرۆڤە وەك موگناتیس ، بێگومان زاراوەی (کێڵگە موگناتیسیەکان) کەیەکەم ئەزموونی نووسینی ئۆتۆماتیکی (بریتۆن) و (فیلیپ سۆپۆ) یە ، هەر هەمان دەلالەتی لەپشتەوەبوە . بۆیە شیعری ئۆتۆماتیکی زیاتر میتافیزیکیانەیە، بێگومان ئەمەیش خاڵی هاوبەشیەتی لەگەڵ شیعری کاریگەر بەئیلهام ، جا چ ئەوجۆرەی کەبڕوای بە ئیلهام هەبوو لای خواوەندی شیعر ، وەك لای (ئەفلاتون) هەبوو ، یان ئەوانەی کەسەرچاوەی ئیلهامیان بەشەیتانی شیعر دادەنا وەك لای عەرەبە کۆنەکانی

---

١٧ أدونيس ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣٣.

١٨ أمين صالح ، السوريالية فى عيون المرايا ، الطبعة الثانية ، دار الفارابى ، بيروت ، لبنان ، ٢٠١٠ ، ل ٩٤.

١٩ ميشيل كاروج ، أندريه بروتون والمعطيات الأساسية للحركة السريالية ، ترجمة : إلياس بديوى ، ل١٣٧

٢٠ سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٩.

سـەردەمی پێش ئیسـلام[21] ، بەڵام ئیلهامی شـیعری ئۆتۆماتیکی لە نەسـت و ناخودئاگای شـاعیرەوە هەڵدەقوڵێت ، یەکێکی تر لەو لایەنانەی کەنووسینی ئۆتۆماتیکی لەشیعری ئاسایی نزیك دەکاتەوە و سەلمێنەری ئەوەیە کەشیعری ئۆتۆماتیکی خاوەنی بنەماو پرانسـیپی بەهێزی شـیعریە ، بریتیە لەپەیام ، چونکە ئەمجۆرە شـیعرە خاوەنی پەیام و ئامانجی خۆیەتی کە جیایە لەجۆرەکانی تری شیعر ، ئەگەر شیعری ئاسایی پەیامی جوانی و ستاتیکاو چێژو سودی هەبێت ، ئەوا ئۆتۆماتیکیەت پەیامە باوەکەی شیعر تێدەپەڕێنێت و هەنگاو دەنێت بۆ ڕێکخستنەوەیەکی تری جیاوازی ژیان ، شـیعری ئۆتۆماتیکی پەیام و ڕوئیای ئاشـکرای هەیە کە لە ڕێگای واڵاکردنی مەعریفەی زیهنی و کۆگاکانی نائاگاییەوە ئۆتۆماتیکیانە دەخرێنە ڕوو ، ئەویش گوزارشـتی ڕاسـتەقینەیە لەناخی شـاعیر و شـیعرەکە بەجۆرێك ڕێڕەوی خۆی دەگرێت کەنزیك دەبێتەوە لەشـیعری لیریکی و هێندەی ڕەگەزی لیریکی زاڵە هێندە ڕەگەزی حیکایی و گێڕانەوەی تێدا نیە ،بەمەیش جارێکی تر شیعری ئۆتۆماتیکی ناسنامەی خۆی دەسەلمێنێت و ئەو ناڕوونی و دژواریە ڕوون دەکاتەوە .

**پاری دووەم : هەژمونی فرۆید لە نووسینی ئۆتۆماتیکیدا:**

لە باسـی نوسـینی ئۆتۆماتیکیدا، ناکرێت بەبێ **ئاماژەدان** بە(سـیگمۆندفرۆید ١٨٥٦_ ١٩٣٩) بابەتەکە تێپەڕێنرێت ، چونکە ئەو جگە لەوەی کە زانا و پزیشکێکی دەروونناسی و خاوەنی فیکرو تیۆری بواری دەروونشیکاری بوە ، لەهەمان کاتدا ئەدیب و نووسـەریش بوە[22]، بەوەیش دەرفەتی باشـتری بۆ ڕەخسـاوە هەتا زانسـتیانەتر کار لەسـەر لایەنی دەروونی بکات لەکایەی ئەدەبداو تەنها لەبواری بایلۆژی و فیسـیۆلۆژیدا تیۆرە دەروونناسـیەکانی کورت نەکاتەوە ، بەڵکو لایەنێکی مەعنەویی قووڵی شاراوەی لە مرۆڤدا دۆزیوەتەوە کە (نەست)ە ، نووسینی ئۆتۆماتیکی پەیوەندیەکی تونـدوتۆڵ و گرێـدراوی بە دیـدو سـەرنجەکانی (فرۆیـد)ەوە هەیە و دەکرێـت لەچەنـد لایەنێکەوە کاریگەری و جێ پەنجەی ئـەوی بەڕوونـی پێـوەببینـرێـت ، چـونکە هەمـوو ئەو ڕەهەنـدانەی کە ئەو خسـتبـونیە ڕوو لە تـێزە دەروونناسـیەکەیـدا لای تیۆرداڕێژەرانی سـوریـالی کرابوون بە بنەمـای سـەرەکی ڕێبـازەکەیـان بە نووسـینی ئۆتۆماتیکیشـەوە "بیرۆکەی بنەڕەتی سـوریالی وەرگیراوە لە تێکەڵاوکردنی دادایی لەگەڵ بۆچوونەکانی (فرۆید) دا" [23]، بیردۆزەی (فرۆید) لەبواری دەروونشیکاریدا لەناوەڕۆکدا هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی هۆکارە لاشعوریەکان لە ڕەفتاری مرۆڤدا ، کە زۆربەیان پێکهاتوون لە کۆمەڵێك حەزوئارەزوو ، کە هەر لەسـەردەمی منداڵیەوە سـەرهەڵدەدەن ، بەڵام دابونەریتی کۆمەڵگە ڕێگربوە لەبەردەم تێربونیاندا و سـەرکوتی کردوون ، بۆیە لەناخی مرۆڤدا چەپێنراون و کپکراون و ئارامیان گرتوە بەئاڕاسـتەکردنی ڕەفتارو لایەنی دەروونیدا[24] ،ناوبراو ئەم گۆشـە ناڕوون و پەنهانەی ناخی مرۆڤی ناونابوو(نەست) و پێی وابوو بریتیە لە بەشێکی گرنگی پێکهاتەی سایکۆلۆژی مرۆڤ ، بۆیە پەنای برد بۆ ئەم لایەنە بۆ ئەوەی سەرچاوەی داهێنانی تیادا بدۆزێتەوە،"(فرۆید) سەراپای ڕەفتارو کردارەکانی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ نەست و

٢١ د.خالد محمدفارس ، معجم الفنون الأدبية(الجزءالثانی) ، ل ٨٧٢ .

٢٢ د.سامی الدروبی ، علم النفس والادب ، الطبعه الثانیه ، دار المعارف ، قاهرة – ١٩٧١ , ل١١٢ .

٢٣ لیلیان هیرلاندز – ج.د.بیرسـی – سـتیرلنج . أ . براون، دلیل القارئ الی الادب العالمی ، ترجمه: محمد الجوراء ، الطبعه الاولی،دار الحاقائق ، بیروت – لبنان،١٩٨٦، ل٥٨٠ .

٢٤ د.مصطفی سویف، الاسس النفسیة للابداع الفنی فی الشعر خاصة، الطبعة الثانیة، دار المعارف_ بمصر،ل٦٧.

کاریگەریەکانی نەست لەسەرچالاکی مرۆڤ" [٢٥] ،"داهێنانی زانستی دەرونشیکاریی (فرۆید) ئەوەی ڕوونکردەوە ، کە هەموو ئەو ئازارو موعاناتە مادی و مەعنەویانەی کە بواری پزیشکی و زانستە سروشتیەکان بێدەسەڵاتن لەبەرامبەر چارەسەرکردنیاندا ، پەیامێکی ئاماژەدارن بۆ ئەوەی کە کەناڵی تری سەربەخۆ هەیە لە مرۆڤدا کە وەك ئەوە وایە مرۆڤ جەستەیەکی تری هەبێت یاخود گریمانەکە ئەوەیە ، جەستەیەکی تر هەیە لەناو جەستەی مرۆڤدا "[٢٦] ، بەمشێوەیە ئەو سەرەتا وەک پزیشکیک زیاتر خۆی سەرقاڵکرد بە دۆزینەوەی نهێنیەکانی جیهانی ناوخۆیی و غەریزە کپکراوەکانی مرۆڤ، " (فرۆید) و شوێنکەوتوەکانی نووسینی ئۆتۆماتیکیان بۆ دۆخی هەندێك لەنەخۆشەکان بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی بتوانن ئەو شتانە لەزیهندا بەدەست بهێنن ، کە کەمتر لەژێر کۆنترۆڵدا بوون و درکیان پێ نەدەکرا"[٢٧] ، لەلەلایەکی تریشەوە ئاماژەو ڕوونکردنەوەی زیاتری دا لەبارەی ڕەگوڕیشەی قووڵی (من)ەوە وپێی وابوو کە (من) لە دووڕیانی جیهانی ناوەوەو جیهانی دەرەوەدایەو لەلایەکەوە سەرقاڵی تاکێتی و لایەنە شاراوەکانی ناخە ، کە شوێنی ڕووداوە دەروونیەکانەو خەیاڵدانی مرۆڤ دەیانگوازێتەوە و وێنەی زیهنییان بۆ دەکات ، لەلایەکی تریشەوە پابەندە بە ویستەکانی دەرەوە ئەوانیش جیهانی شتە مادیەکانن ، کە هەستەکانی مرۆڤ ئاشنایە پێیان و لایەنی بەرجەستەیی جیهانی دەرەوەو بینراو پێکدێنن، (فرۆید) ئەوەی ڕوونکردەوە ، کە ڕەهەندە عەقڵی و زەینیەکان ڕەگوڕیشەو بنچینەیەکی دەروونییان هەیەو دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی منداڵیی ، هەروەك چۆن داهێنانیش لەتەمەنی گەورەییدا فۆرمێکی تری ژیانی سەردەمی منداڵیەو نەست و لایەنە شاراوەکەی جارانە و ئێستا لەفۆرمی داهێناندا تەقیوەتەوە، چونکە پەیوەندی تۆکمە و بەهێز هەیە لەنێوان ژیانی تایبەتی شاعیر و نووسەران و دەقەکانیاندا ، لێرەوە پەیوەندی و کاریگەری(فرۆید) بەسەر سوریالیزم و نووسینی ئۆتۆماتیکیەوە دەرکەوت و ڕۆژبەڕۆژ لەگەشەکردن و بەرەو پێشچووندابوو ، ئەو گۆشەنیگایەی کە (ئەندریەبریتۆن) تیۆریەکەی خۆی لەسەر بونیات نا دەگەڕێتەوە بۆ (فرۆید) و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان جیهانی ئاگایی ونائاگایی ، ڕوونکردنەوەی ئەو ژێرخانە عەقڵیەی مرۆڤە ، کە وەك زەویەك وایەو تۆوی وێناکردنە عەقڵیەکان تیایدا چەکەرە دەکات ، " فرۆید پێی وابوو ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمی نەست و جیهانی ناوەوەی ئەدیب و شاعیرانە ، تەنانەت ئەگەر بەوپەڕی ئاگادارییەوە پابەندبێ بەیاساو ڕێسا چەسپاوەکانیشەوە ، کە لەنووسینی دەقدا بەرجەستەیان دەکات،چونکە فرۆید دەڵێت شاعیر بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ ، جیهانی نەستی دزە دەکاتە نێو هەستیەوە و خۆی بەناڕاستەوخۆ دەخزێنێتە نێو دێڕە شیعرەکانیەوە"[٢٨]. لەیەکەم مانیفێنستی سوریالیەوە (بریتۆن) خۆی دایە پاڵ (فرۆید) ، کە لەو کاتانەدا زیاتر لەئاراستەی شیکاری خەونەوە بەرەو بابەتەکە دەچوو، گرنگی زیاتری دابە ڕەهەندی خەون و ساتەکانی نێوان خەون و ئاگایی و تێکەڵاوکردنی لەگەڵ ئەفراندنی ئەدەبیدا[٢٩]، دواتر لەدووەم مانیفێستی سوریالیزمدا (بریتۆن) جەختی لەسەر گەڕاندنەوەی هەموو هێزە دەروونیەکان دەکردەوە و کاری بۆ ڕۆشنکردنەوەی شوێنە تاریك و نادیارەکانی دەروون

٢٥ سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٦ .

٢٦ پول آرون – دینیس سان – جاك ، آلان ڤیالا،معجم المصطلحات الادبیە، ترجمە: د.محمد حمود ، ل٣٢٣ .

٢٧ سرگذشت سوررئالیسم،گفت وگوبا آندرەبرتون، ترجمە: عبدالله کوثری، چاپ دوم،نشرنی،تهران -١٣٨٣ ل٢٣٠.

٢٨ سامان عیزەدین سەعدون، دەقە شیعریەکانی گۆران لەڕوانگەی دەروناسیەوە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس ، سلێمانی ، ٢٠١٥، ل٥١.

٢٩ اندریة بریتون، البیان السریالی الاول، ترجمة: هیئة التحریر ، مجلة الشعر ٦٩ ، العدد الثانی،، السنة الأولی ، حزیران ١٩٦٩ ، المؤسسة العامة للصحافة والطباعة – بغداد ، ل١١١-١١٢.

دەکرد و گرنگی بەناوچەی شـیعری لەناخی مرۆڤدا دەدا، بەم شـێوەیە بەدرێژایی ماوەی چالاکی سـوریالی لایەنی دەروون و ناخی مرۆڤ پێگەی یەکەمی هەبوە لەنووسـین و بەرهەمەکانیاندا [٣٠]، بەمشـێوەیە لایەنی سـایکۆلۆجی و میتۆدی (فرۆید) لەدەروونشـیکاریدا کەلەسـەر بنەمای نەست بونیات نراوە ، لە گەڵاڵەبوونی نووسـینی ئۆتۆماتیکیدا ڕەنگیان دایەوە.

یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە (بریتۆن) ی لە (فرۆید)ەوە نزیك دەکردەوە ، چەمکی ئازادی بوو ، کە لە زۆر شـوێندا باسـی لێدەکردو بە پاڵنەری سـەرەکی چالاکی سـوریالیزم ناوی دەبرد، ئەم چەمکەیش لای (بریتۆن ) بریتی بوو لەئازاد بوون و ڕەها بوون لەیاسـا سـەپێنراوەکان بەسـەر ئەدەب و هونەردا، چونکە پێی وابوو ئازادی هێڵە کێشـراوەکان تێکدەشـکێنێت ، لەدەقی ئاسـاییدا نووسـەر بەڕەهایی ئازاد نیە لە دەربرینی گوزارەکانی و هەڵڕشـتنی ناخی خۆیدا، ئەویش لەبەر ڕەچاوکردنی چەندین بنەمای کۆمەڵایەتی و سـیاسـی و ئاینی و دابونەریت و سـانسـۆری جۆراوجۆر و پاراستنی هارمۆنیەتی نێوان دەق و وەرگر ، بەپاساوی ئەوەی نووسەر لەمجۆرە دەقانەدا بۆ خوێنەر و جەماوەرەکەی دەنووسـێت ، لەلایەکی تریشـەوە (فرۆید) پێی وابوە : " هەمووان لەبەرامبەر حەقیقەتی شـاراوەی ناخماندا ، خۆمان بەکۆمەڵێك ماسـك و دەمامك و درۆ داپۆشـیوە"[٣١] ، بەڵام لەدەقی ئۆتۆماتیکیدا چونکە نەست لەپشـتی دەربڕینەکانی شاعیرەوەیە و پابەندی هیچ سانسۆرێك نابێت و تابۆ شکێنە، دواجار پانتایی ئازادی فراوانتر دەبێ و بوار بۆ ڕاستی گوتن والا دەبێت.

بوارێکی تری ئازادی دەربڕین لای (فرۆید) لەپانتایی خەوندا بەرجەسـتە دەبێت وەك گۆڕەپانێك بۆ دەربڕینی ئازادانەی نەستی مرۆڤ، کە لەگەڵ نووسینی ئۆتۆماتیکیدا نزیکایەتی زۆریان هەیە[٣٢] و ئەو بەشێکی گرنگی تێزەکەی بۆ ئەو بوارە تەرخان کردبوو .

---

٣٠ السوریالیه فی عیون المرایا ، ترجمه واعداد: أمین صالح ، ل٤٤ .

٣١ بابك أحمدی ، حقیقت و زیبایی ، درسهای فلسفەی هنر ، چاپ هفتم ١٣٨٣ ، تهران ، نشر مرکز ، ل ٣٨٠ .

٣٢ والاس فاولی ، عصر السریالیه ، ترجمة: خالدةسعید ، طبعة جدیدة منقحة ، دار تکوین ، دمشق – سوریا ، ٢٠١١ ، ل ١٣٦ .

## بەشی دووەم : پراکتیزەکردنی نووسینی ئۆتۆماتیکی لە شیعری کوردیدا

### پاری یەکەم: نووسینی ئۆتۆماتیکی لەقۆناغی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا

نووسـینی ئۆتۆماتیکی بە چەمکە ئەکادیمیەکەی وەك ئەوەی سـوریالیزم دەیخوازێت ، لە شـیعری کوردیدا دەرنەکەوتوە و پەیدا نەبوە ، هەتا قۆناغی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم ، چونکە ئەم قۆناغە لە زۆر ڕەهەندەوە سـەردەمی گۆڕانکاری گرنگ و بنەڕەتی بوو لە ئەدەبی کوردیدا ، سـوریالیزمیش وەك ڕێبازێکی ئەدەبی بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی سادە و سەرەتایی لەم ساڵانەدا چرۆی کرد و چەند شاعیر و نووسەرێك بوون بە پێشەنگ و بە پێی ئاستی مەعریفی و ڕۆشنبیری خۆیان ئەزموونیان کرد ، ئەگەر سەرنج بدەین جیاوازی لەنێوانان ئەم شاعیرانەدا هەبووە لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی بەرهەمەکانیانەوە ، سەبارەت بە نووسینی ئۆتۆماتیکی، ئەو شاعیرەی کە لەم قۆناغەدا ڕۆڵ و پێگەی گرنگ و دەستپێشخەرانەی هەبوە (عەباس عەبدوڵلا یوسف) ە ، کە هەر لەسەرەتای حەفتاکانەوە ڕووی لەم ڕێبازە کردوە ، ئاگاداری و شارەزایی باشی لەبارەی سوریالیزمەوە پەیداکردوە ، یەکەم هەوڵی سەرەتایی ئەو شاعیرە لە دیوانی (ئاو) دا دەبینرێت ، کە نموونەی شیعری تێدایە بە تەکنیکی (کۆلاج) نووسراوە کە تەکنیکێکی تایبەتە بە (دادا)ییەکان و دواتر سوریالیەکانیش هەندێك جار بەکاریان هێناوە ، ئەو شیعرەیش لە دیوانەکەدا کە بەم تەکنیکەیە ، هەر بەناوی (کۆلاژ[٣٣]) ەوەیە ، شایانی باسە ئەم دیوانە لە ساڵی ( ١٩٧٤) دا بڵاو کراوەتەوە ، پاشان لە ساڵی (١٩٧٨) دا دیوانی (لم نیازمە[٣٤]) ی بڵاوکردوەتەوە ، دەتوانین ئەم دیوانە _لم نیازمە_ بەهەوڵێك دابنێین ، کە بە میکانیزمی نووسینی ئۆتۆماتیکی نووسراوە , زادەی سەردەمێکە ، کە ئەم جۆرە شیعرە دەگمەن و تاکوتەرا بوەو نامۆبوە بە چێژی شیعری باو لای خوێنەر و ڕەخنەگران ، ئێمە لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەین ئاماژە ئۆتۆماتیکیەکانی ئەم دیوانە دەستنیشان بکەین.

ئەم دیوانە تێکستە شیعرێکی یەك نەفەسە و لەژێر یەك ناونیشاندایە و لە ناوەوە هیچ ناونیشانێکی لاوەکی نابینرێت ، بەمەیش سروشتی دەقێکی والا بەرجەستە دەکات ، کە کراوەتەوە بەڕووی ژانرەکانی تردا ، بەڵام لەسەر ڕاستەهێڵێکی کارکردنی جێگیر بونیات نەنراوە ، ناتوانین پێی بڵێین پەخشانە شیعر ، چونکە خاوەنی خەسڵەتی تایبەتی خۆیەتی و ناکرێت بەدیاریکراویش لە ڕوانگەی دەقێکی ئاساییەوە سەیری بکەین ، دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ سیستمی کات و شوێنی ئاسایی و لۆژیکی باوی زمانیی ، چونکە دەقەکە لەسەر ڕایەڵەیەکی پێچەوانەی تێگەیشتنە باوەکانی خوێنەر و چێژی درووست بونیات نراوە ، زیهن و نائاگایی و شەپۆلەکانی مێشکی شاعیر ئەندازیاری پشت دەقەکەن، وەك شاعیر خۆی دەڵێت : "ڕەنگدانەوەی دەمارە گێژەکانی هۆشن .[٣٥] "، بۆیە دەقێکی هۆشەکیەو بنەماکانی ئۆتۆماتیکیەتی دەروونی بەرجەستە دەکات ، شاعیر تیایدا زمانی وەك فاکتەرێکی گرنگ خستوەتەگەڕ و لەوێوە هێما و ئاماژە دەروونیەکانی بەرجەستەکردوە ، بۆیە دەتوانین خوێندنەوەیەکی زمانیی بۆ دەقەکە بکەین و لەو ڕێگەیەوە ئاماژە ئۆتۆماتیکیەکانی هەڵێنجین ، هەرچەندە بۆ خوێندنەوەی ئەم دەقە ڕووبەڕووی دژواری و ئاڵۆزی زۆر دەبینەوە ، چیتر وشە هەمان ئەو ئەرکانەی نیە کە لە شیعری سەردەمی خۆی و پێش خۆیدا هەیبوە ، ئەگەر لەشیعری ئاساییدا وشە لەم ئەرکە زمانیانەی خۆی لادات ، ئەوا لەدیوانی (لم نیازمە)دا ئەرکی وشە دەبێتە دووجار لادان و لادان لەناو لاداندا بەرجەستەدەکات، شاعیر ئامبازی زمان دەبێت و موفرەداتەکانی دەکاتە کەرەستەی زیهنی و دەرونیی ، شاعیر

٣٣ عەباس عەبدوڵلا یوسف ، دیوانی ئاو ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی الشمال – کەرکوك ، ١٩٧٤ ، ل١١.

٣٤ ع . عەبدوڵلا یوسف ، لم نیازمە ، چاپخانەی کوردستان – هەولێر ، ١٩٧٨.

٣٥ سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٢ .

زمانی لەنگ کردوە ، پەکی خستوە ، دێڕەکان بە هەمان لۆژیکی ڕێزمانی و واتایی دروست نەکراون ، کە بە درێژایی مێژووی خۆی زمان کاری پێکردوە ، یاسای سینتاکسی و وشەسازی بەرەو شپرزەکردن بردوە ، بۆیە لایەنە زیهنی و ناخودئاگا و هۆشەکیەکان ڕۆڵیان پێدراوە ، ڕستە شیعریەکان لەسەر ئاستی ئاسۆیی و ستونی کارناکەن ،یاخود دەکرێت (تەداعیی ئازاد) ی واتا و مەدلولەکان بێتە گۆڕێ کە تیایدا شاعیر لەڕێگەی وێنەی ئاماژەیی و ڕەمزییەوە کار لەسەر تەداعی زیهن و ناعەقلانی خوێنەر دەکات، بۆیە پێمان باشە سەرەتا بە ڕاڤەیەکی تەداعی خوازانەی هۆش دەست ببەین بۆ ڕاڤەی ئەم تێکستە ، کە ئۆتۆماتیکیەتیان بەرجەستەکردوە ،

شاعیر دەڵێت :

" سپێدێ ، هەوار بەتاڵە ، لمی زەردی قژی شازادەی فارگۆنەکان لەبەر
خۆرەتاو دەقرچێنن
دەمانسووتێنن
سبەی ، وەی لۆ ، لمم ڕۆ
دەبا کوڕی جیوەدارم گڕدەم ، کوڕمە و مەشخەڵی گیانبزۆزی شەوە زەنگ دەسووتێنێ
عیوە ... عیوی قەتارە ، درەنگە . "[٣٦]

زمان لەم کۆپلەیەدا پانۆرامای ڕووداوێکی زیهنیی درووستکردوە لەنێوان ڕۆژ و شەوێکدا ، (سپێدێ) سەرەتای ڕۆژە و بەرەو سوتاندنی (شەوەزەنگ) هەنگاو دەنێت و لە کۆتایی کۆپلەکەدا (درەنگە) ، ئاماژەیەکی ترمان دەداتێ بۆ کات، لێرەدا کاتی سپێدە و سەرەتای ڕۆژێکی نوێیە ، کە لە فۆرمە خوازەیی و ئیدیۆمیەکەیدا لای کورد (درەنگە) لەکاتی بەیانی و سەرەتای دەستپێکردنی کاردا وتراوە ، بۆنمونە لەکاتی بەیانیانی زوودا ، کە جوتیارو کرێکار خەبەر دەکرێنەوە بۆسەرکار ، دەگوترێت : هەستە درەنگە! ، شاعیر بەتەکنیکی تەداعی ئازاد لەناو زمانەوە بانگهێشتی ئۆتۆماتیکیانەی خوێنەر دەکات ، وشەکان لەسەر بنەمای : (هاوجێیی و دژجێی ، وێنەی زیهنی ، هاو واتا و دژ واتا )، دەلالەت درووست دەکەن ، وشەی(سپێدە) دەستپێکی هاتنی خۆرەتاوەو (خۆرەتاو)یش کاری (دەمانسوتێنێ) ، یاخود دەلالەتی (تاوسەندن – گەرم بوون) دەدات ، لەهەمان دێڕدا (لمی زەرد) هەیە ، کە (زەرد) ئاماژەیەکی ترە بۆ تیشکی خۆر ، لە دێڕی دواتردا وشەکانی (سبەی) ، (گڕ) ، (مەشخەڵ) ، دەبینرێن و لە وشەی (دەسوتێنێ) دا دەگەنە ترۆپکی مەبەست ، لەلایەکی تریشەوە شاعیر تەداعی خوێنەر دەکات لە جوڵەی دەقەکەدا ، وشەکانی (هەوار بەتاڵە ، فارگۆن ، جیوە ، قەتار ، درەنگ) ، هەریەکەیان ئەرکێکی هاونشینیی واتاییان هەیە و لە کۆنتێکستێکی جوڵەییدا کۆدەبنەوە ، لە گوزارەی (هەوار بەتاڵە) دا (هەوار) شوێنی نیشتەجێبونە و نیشتەجێبونیش خۆی دەلالەتی جێگیربوونی هەیە و دژ واتایە لەگەڵ (جوڵە) دا ، بەڵام کە دەڵێت (هەوار بەتاڵە) دیسان دەمانباتەوە بەرەو(کۆچ)و نەوەستان، هەروەها دەتوانین چەند ئاماژەیەکی تری تەداعیانەی تری تیادا ببینین بەم شێوانە :

---

٣٦ سەرچاوەی پێشوو ، ل١٩-٢٠ .



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

* فارگۆن ⟵ شوێنی دانیشتن لە شەمەندەفەردا ، لێرەدا خودی ناوی (شەمەندەفەر) نەهاتوە ، بەڵام زیهنیەتی (فارگۆن)، بوونی ناڕاستەوخۆی شەمەندەفەر دەسەلمێنێت، لەلایەكی تریشەوە (قەتار) ی دوا دێڕی كۆپلەكە ئاماژەیەكی هۆشەكی تێدایە بۆ (قطار)ی عەرەبی، كە هەمان واتای شەمەندەفەرە .

* جیوە ⟵ بزاوت و جوڵە و نەســرەوتن تەداعی دەكات ، بەوپێیەی كە (جیوە) خاوەنی ســیفاتی فیزیایی و كیمیایی نەوەستانە . "جیوە داناسەكێ و دێت و دەچێ . [٣٧] "

* قەتار ⟵ جوڵەو سەفەر تەداعی دەكات "قەتار كۆمەڵی چاوەڕێ بۆ سەفەر [٣٨] "

* قەتار ⟵ جۆرێك مەقامە، كە ڕەهەندێكی نۆســتالیژی تێدایە و زۆرجار لە ئەنجامی نەوەســتان و جوڵە و كۆچ و باردا جۆرێك لە سۆزی دروستكردوە .

* قەتار ⟵ ڕیزێك وڵاغ و ئاژەڵی ماڵی كە باركرابن لە كەرەســتە و شــمەكی جۆراوجۆر و بەدوای یەكدا قەتاریان بەستبێت (ڕیزبوبێتن) :

" قەتارێ هاتوە شەكر باریەتی [٣٩]
خورشیدی خاوەر سەر قەتاریەتی "

دەتوانین لەم هێڵكاریەی خوارەوەدا پوختەیەك لە تەداعی ئەم دەقە چڕبكەینەوە :

سپێدە = سەرەتای ڕۆژێكی نوێ ، ئامادەباشی بۆ ڕووداوی نوێ
هەواری بەتاڵ = ئاماژەی كۆچ و بەجێهێشتنی شوێنی نیشتەجێ بوون
قەتار = كاروانی كۆچ و بار ، ڕیزبەستنی ئەسپ و ئاژەڵی باریی بەدوای یەكدا
فارگۆن = بەشێك لە شەمەندەفەر ، هۆكاری كۆچ
درەنگ = بەكۆتا گەیشتنی كات و ئاماژەی دەست و برد و كەوتنەخۆ

} ⟵ چەسپینی دەلالەتی شپرزەبوون و ڕەخساندنی هەلومەرجی هەڵهاتن و بەجێهێشتنی شوێن = كۆچ و جوڵە

٣٧ هەژار موكریانی ، هەنبانە بۆرینە ،فرهنگ (كردی – فارسی) ، انتشارات سروش ، چاپ پنجم ، ١٣٨٥، ل١٩٣.
٣٨ سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٧٤.
٣٩ شیعرێكی فۆلكلۆریە ،لەبەدواداچوونی مەیدانیەوە وەرمان گرتوە .


JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لمی زەرد > خۆرەتاو>
قرچاندن > سوتاندن >
مەشخەڵ > گڕدان

تەداعی کردنی جووڵە و
بزاوت و گۆڕینی شوێن
لە زیهندا

جیوە = ڕەمزی نەسرەوتن وناجیگیریی
درەنگ= بەکۆتا گەیشتنی کات وئاماژەی دەست وبردو وەخۆکەوتن
قەتار= جۆرێك لە مەقام، دەربڕینی سۆزونۆستالژیا

داڕژانی بنەماکانی
جوڵەو کۆچ لە زیهن و
نەستی شاعیردا .

کەواتە شاعیر لە پانتایی زماندا و لە ڕێگای تەداعی ئازاد و بانگهێشتی نائاگاییەوە ، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکیانە زیهنی خوێنەر لەچەند کەرەستەیەکی ناسراوو بەرهەستی جیهانی دەرەوە بەرەو جیهانی ناخ و دەروون ڕادەکێشێ و فەزایەکی شیعریی ئەوتۆی درووستکردوە ، کە خاوەنی خەسڵەتی تایبەتی خۆیەتی و تێگەیشتن لێی پێویستی بە برێکی زۆر لە ڕۆشنبیریی و هوشیاری و ئاگایی هەیە ، بەمشێوەیە دەکرێت ئۆتۆماتیکیەتی دیوانەکە لەبەر ڕۆشنایی ئەم میتۆدەدا بخوێنرێتەوە ، بەڵام لەسەر ئاستی کۆپلە بە کۆپلە ئەنجام بدرێت ، چونکە دیوانەکە تاکۆتایی بەسەر چەندین بڕگە و کۆپلە و ڕستەی شیعریی سەربەخۆدا دابەشبوە ، کە خاوەنی قەوارەی سەربەخۆی خۆیانن و ڕایەڵەیەکی ئەوتۆ پێکەوە گرێیان نادات ، بەم پێیەش بێت دەکرێت ژمارەیەکی زۆر وێنە و دیمەنی تەداعی تیادا ببینین ، کە موفرەداتی ئەم تەداعیانە سەر بە جیهانی تایبەتی شاعیرن و لەڕێگای هەڵبژاردنی لافاوی زەینی شاعیرەوە ئۆتۆماتیکیانە دەردەبڕرێن . بەمشێوەیە لەم یەکە واتاییە ناڕاستەوخۆیانەدا و لەچوارچێوەی ئۆتۆماتیکیەتی دەروونیدا شاعیر شەپۆلێکی بانگهێشتی زیهنیی لەم دەقەدا بەرجەستەکردوە .

هەر لە قۆناغی ساڵانی هەشتاکاندا دەتوانین ئاماژە بۆ (محەمەد باوەکر) بکەین ، وەك دەنگێکی تایبەت و خاوەن شێوازی دەربڕینی جیاواز و ئەم شاعیرە بەدرێژە پێدەری ئەزموون و دەنگی (عەباس عەبدوڵلا یوسف) دابنێین ، (محەمەد باوەکر) هەر لەیەکەم دیوانیەوە بەناوی (هەڕمێن)[٤٠] ، بەشێوەی نائاسایی دەستیپێکرد، مەبەستمان لە نائاساییە لە دەربڕین و گوزارشتکردنی شیعریدا ، دەقەکانی ئاڵۆز و توونا و تونن ، تێگەیشتن و لێکدانەوەیان کارێکی ئاسان نیە ، ئەگەر چی بەهەمان ماتریاڵی ئاسایی و وشەوزاراوەی ناو فەرهەنگی کوردی نووسیونی ، کەمتر لادانی زمانیی و گرامەرییان تێدایە ، دەقەکانی لەسەر بنەمای لێکترازان و بچڕانی دانە زمانیەکان و تێکشکاندنی لۆژیکی زمانیی بونیات نەناوە ، بەگشتی لە خوێندنەوەی دەقەکانیدا هەست بە گۆڕانکاری فۆرمی زمان ناکرێت ، بەڵکو ئاڵۆزی و ناڕوونییەکە لەخستنەڕووی ناوەڕۆکی دەقەکانیدایە ، خوێنەر خۆی لەبەردەم دەق گەلێکی جیاوازدا دەبینێتەوە و

٤٠ م. باوەکر ، هەڕمێن ، چاپخانەی (الحوادث) ، بەغدا – ١٩٨٥ .

کۆد و شیفرەی پشت وێنەکانی بەئاسانی بۆ ناکرێتەوە ، بەگشتی سیمایەکی دەروونی و زیهنی و مۆرك و تایبەتمەندی خودیی ئەم شاعیرەیان پێوە دیارە ، **بۆ نموونە** ئەگەر لەم دیوانەدا لە دەقی : (ڤیستیڤاڵی شاری – خم -)[41] ، بڕوانین ، **ئەوا دەبینین** چەندین بنەمای ئۆتۆماتیکیی دەروونیی تیادا بەرجەستە بوە ، ڕەنگدانەوەی بارێکی تایبەتە و چەندین وێنە و ئاماژەی نهێنی و کەڵەکە بوو لە قوڵایی نەست و ناخودئاگای شاعیرەوە سەردەکەونە سەرەوەولێرەولەوێی جوگرافیای دەقەکەدا دەبینرێت ، شاعیر بەشێوەیەکی هۆشەکی ناوەکانی : (هۆلاکۆ ، ئەسکەندەری شاخدار) ی هێناوەتە ناو دەقەکەوە ، بەمەیش خوێنەر ناچار دەبێت بەدوای مەدلولە واتاییەکانی ئەو ناوانەدا بگەڕێت ، بەڵام لە دەقەکەدا هیچ ئاماژەیەکی لەبارەیانەوە دەست ناکەوێت کە هاونشینیی واتاییان لەگەڵ ئەو دوو ناوەدا هەبێت ، بۆیە خوێنەر لەزیهنی خۆیدا وێنەیەکی هاونشینیی لەم بارەیەوە بۆ دروست دەبێت ، ئەو وێنە زیهنیەش بۆ خوێنەری کورد چاوەڕوان کراوە و ئۆتۆماتیکیانە لە ناوی (هەولێر) دا خۆی دەبینێتەوە ، ئەگەرچی دوورونزیك ، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەم ناوە و هیچ وەرگیراوێکی ئەم ناوە لە دەقەکەدا بوونیان نیە ، بەڵام هەربە بیستن و خوێندنەوەی ناوی (هۆلاکۆ ، ئەسکەندەر) ، ڕاستەوخۆ وێنەی هۆشەکیی شاری( هەولێر)لە هۆش وهەستی خوێنەردا درووست دەبێت ، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لێرەدا ئەوەیە کە چەندین ئاماژەی نێگەتیڤی و نەخوازراو لە سەراپای دەقەکەدا هەیە وەك : (مالۆس ، شاری چڕی بێ پیاو ، شاری چەپڵە و چەقەنە ، لەعنەت کراو ، شار دەگری ، شار وەچاغ کوێرە ، کۆخەڕەشە ، سەرەمەرگ ، ڕۆندك ، شەوپۆش و بێ هۆش ، شاری خاك وەسەر و لم – بەسەر ، دۆڕاو ، هەرەس هێنانی هەردەم ، . . . هتد) ، ئەگەر سەرنج بدەین زۆربەی ئاماژە نەرێنیەکان لەگەڵ ناوی (شار) دا بەکارهاتوون ، ئەوەیش بەشێك لەو بۆچوونەی پێشوومان پشتڕاست دەکەنەوە ، کەپەیوەندی بەناوی (هەولێر) ەوە هەبوو وەك شار ، دەبێت ئەو جیاوازیەی ئەم شیعرەیش باس بکەین لەگەڵ زۆربەی دەقە شیعریەکانی سەردەمی خۆیدا ، چونکە ئەم دەقە پێچەوانەی ئەو مۆدێلە شیعریە دەوەستێت کە لە ساڵانی هەشتاکاندا دەبینران ، کە پڕبوون لە پیاهەڵدان و ستایش کردنی شار و ناوی شاخ و لوتکە و ڕووبار و شوێنەجوگرافیەکانمان و ئاوێتەکردنیان بە دروشمی زەقی شۆڕشگێڕی و ڕەمزیی و حەماسی و قارەمانێتی ، کە جوگرافیای شیعری کوردی ئەو قۆناغەیان تەنیبوو وەپڕیان کردبوو لە وێنەی جۆراوجۆری ڕەوانبێژی ، هەر لەو بارەیەوە شاعیر دەڵێت :

"مزگێنی سپێدانی شار لە کەڵەشێر دەبیسترێ
نەوەك لە مزگەوتەکان !" [42]

ئەمانە ڕەنگدانەوەی نەست و باری دەروونی ڕاستەقینەی شاعیرن و ئۆتۆماتیکیانە خراونەتە ناو دەقەکە و شاعیر بەبێ ماسك و موزەیف کردن و دروشمبازی و ڕەوانبێژی ، ناخی توڕە و سروشتی نیگەرانی خۆی هەلڕشتوە ، شاری لە دیمەنێکی خنکاو و تاسێنراودا خستوەتە پێش چاوی خوینەر .

لێرەدا ڕاگەیاندنی سپێدە لەلایەن کەڵەشیرەوە ، کاردانەوەی نەستی شاعیرە و وێنەیەکی هۆشەکیە و پێمان دەڵێت دەنگێك نەماوە کە بانگی حەق بەرزبکاتەوە و مژدەی ڕۆژێکی نوێ و بەجێهێشتنی شەوەزەنگی پێبێت ، هەرچەندە (مزگەوتەکان) هێمای ناوەند و شوێنی جاڕدان و بانگەوازی حەقیقەتن ، بەڵام لە ئەتمۆسفێری ئەم شارە بەهێما کراوەدا (مزگەوتەکان) هەمان ئەو ئەرکەیان نیە و ڕۆڵی خۆیان لە دەستداوە ، ئەمەیش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ

٤١ سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٥-٣١ .
٤٢ م. باوەکر ، هەرمێن ، ل٣٠.

گوزارشتێکی دەروونی و هۆشەکی شاعیرە بۆ سەردەمی سالانی دەسەڵاتی ڕژێمی پێشوی عێراق ، کە سالانی هەشتاکان بەشێکی گرنگن لەو سەردەمەی دەنگی ئازاد لە شارەکاندا خنکێنرابوو ، هەروەك شاعیر لەیەکەم لاپەڕەدا دەڵێت : " هەڕمێن زاخاوی ئازارەکانی هەزار و نۆسەد و هەشتا و چوارمە "[٤٣] ، کەدەکرێت بەشێکی ئەو ئازارانەی شاعیر ، ئازاری دەروونیی دەرهاویشتەی ئەو دۆخەبوبن ، کە ئاماژەمان بۆکرد و بووبنە هەوێنی نووسینێکی ئۆتۆماتیکی دەروونیی، پاشان ئۆتۆماتیکیەتی (باوەکر) لەدیوانی (داستانی **خمبابا**)[٤٤] دا گەیشتە ئاستێکی پێشکەوتوتر .

**پاری دووەم : نووسینی ئۆتۆماتیکی لە قۆناغی سالانی نەوەدەکانەوە :**

نووسینی ئۆتۆماتیکی لە شیعری نوێی کوردیدا لەساڵی نەوەدەکان بەدواوە پێیی نایە قۆناغێکی پێشکەوتووتر و بەرەو گەشەکردن پەلی هاویشتوە، هەڵبەتە لەپشت ئەم بەرەو پێشچوونەوەیە چەندین هۆکار هەبوون چونکە سالانی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو بۆ کۆی گشتی کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕوناکبیریی کورد لە باشوری کوردستاندا قۆناغێکی بێ وێنەبوو ، ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و ئازادبوونی پانتاییەکی زۆر لەخاکی کوردستان و نەمانی دەسەڵاتی بەعسی لەم ناوچەیەدا ، بوو بەهۆی کرانەوە بەڕووی جیهان و واڵابوونی سنورەکان بەڕووی هەموو جۆرە چالاکی و جموجوڵێکدا . ئاوێتەبوونی بەرهەمی هزر و جیهانبینی چەند نووسەر و ڕۆشنبیرێکی تاراوگە ، کە بارگاوی بوون بە تەوژمی ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوا لە دیارترینیان ئەوانەیش دەتوانین ئاماژە بکەین بۆ (فەرهاد پیرباڵ و ئەحمەدی مەلا ) ، کە لەگەڵ ڕۆشنبیریی و مەعریفەی نووسەر و شاعیرە نوێخوازەکانی ناوخۆ ، ئەنجامێکی ئەرێنی لێکەوتەوە ، ئەوەی پەیوەندیدارە بە نووسینی ئۆتۆماتیکی ئەوەیە کە ئەو شاعیرانەی کەلە سالانی حەفتاکان و هەشتاکاندا بەم تەکنیکە شیعریان دەنووسی، لەم قۆناغە نوێیەدا بەردەوامی و گەشەکردنی زیاتریان بەخۆوە بینی ، لەگەڵ ئەوەیشدا چەندین شاعیری نوێخوازی دیکە ئەمجۆرە شیعرەیان ئەزموون کرد، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین چەند نموونەیەک لە نووسینی ئۆتۆماتیکی ئەم قۆناغە شرۆڤە بکەین .

یەکێك لە بەرهەمەکانی نووسینی ئۆتۆماتیکی لەم قۆناغەدا، دەقی (زرنگانەوەی داهاتوو)[٤٥] ە ، کە دەقێکی هاوبەشی نێوان (ئەحمەدی مەلا ) و (فەرهاد پیرباڵ) ە، مێژووی نووسینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی نەوەدەکان، لە ئێوارەی ١٩٩٠/٦/٦دا لە (پاریس)ی پایتەختی فەرەنسا نووسراوە ، ناونیشانی دەقەکە (زرنگانەوەی داهاتوو)، لەخۆیدا ناونیشانێکی سەرنجڕاکێش و پارادۆکیسی سوریالیانەیە ، بڕێك لادانی پێوە دەبینرێت ، چونکە (زرنگانەوە) بەپێی لۆژیك زیاتر بۆ دەنگێك بەکاردەهێنرێت ، کە لەڕوی فیزیکیەوە لەزەمەنی ڕابردوودا بیستترابێت ، یاخود بەرجەستە بووبێت و گوێی مرۆڤ پێی ئاشنابێت ، پاشان لەسەردەمێکی دواتردا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکیانە بزرنگێتەوە، بەڵام بە دانەپاڵی وشەی (داهاتوو) بۆسەر وشەی (زرنگانەوە)، دەربڕینەکە فۆرمێکی ناباوی وەرگرتوە،ئەویش لەبەر دوو هۆکار :

---

٤٣ سەرچاوەی پێشوو ، ل١.

٤٤ دارستانی خمبابا ، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان ، بەغداد – ١٩٨٨ .

٤٥ ئەحمەدی مەلا و فەرهاد پیرباڵ ، (زرنگانەوەی داهاتوو)، گۆڤاری شین ، ژمارە ١ ، ئاداری ٢٠٠٤ ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ل٥٠-٦٢.

**یەکەم** : لەباری ئاســاییدا وشـــەی (زرنگانەوە) بە واتای "دەنگ لەگوێ هاتن" [٤٦] دێت و لەگەڵ ئەو یەکە زمانیانەدا بەکاردەهێنرێت کە هەڵگری دەلالەتێکی دەنگیی بن وەك : (دەنگ ، قیژە ، هاوار ، بانگکردن ، هەراوزەنا ، گریان ، پێکەنین ، قاقا ، قریکە (قریوە) ، ئاواز ، ورتەورت . . هتد) ، بەڵام لەدەقەکەدا هیچ وشەیەکی لەوجۆرانە نابینرێت .

**دووەم** : بەکارهێنانی وشـــەی (داهاتوو) لەگەڵ (زرنگانەوە) دا ، جۆرێکی ترە لەناباوو دوورە لە عەقڵ و لۆژیکەوە ، چونکە لەکاتێکدا کە هیچ شــتێك لەســەر زەمینەی واقیع ڕوی نەدابێت ، ئیتر بەکام پێوەری فیزیکی زرنگانەوە؟! ئەمەیش دەمانبات بەلای گەڕان بەدوای وەڵامی ئەو پرســیارەدا ، بۆیە دەبێت لە هەناوی دەقەکەوە بۆی بگەڕێین و لێرەوە چەمکی ئۆتۆماتیکیەت دەســت پێدەکات ، چونکە هەردوو شــاعیر بەشــێوەیەکی ئۆتۆماتیکیانەی دەروونی و دوور لە لۆژیکی باو و یاســا فیزیکیەکان ، دەنگیان لە داهاتوەوە بۆ دێت و لە گوێیاندا دەزرنگێتەوە ، ڕەنگە ئەو دێڕەی (ئەحمەدی مەلا) ، کە وەك پێشــەکی بۆ ئەم دەقەی نووســیوە ، ئەم ڕایەمان بســەلمێنێت ، کاتێك کە دەڵێت : " ئەقڵمان بەســەر وشــەدا ناشــکێ ، ئەقڵمان بەســەر زۆر شــتی تریشــدا ، بەڵام کوردســتانێکی ((دابڕاو)) پێویســتە ئازاد بێت! ئەم ڕستەیەمان لەبیربوو ، بۆئەوەی جورئەتی ئەوە بکەین کە ئازادانە شیعر بنووسین . . " [٤٧] ، لەم ئاماژە کورتەدا شاعیر دەمانباتەوە بۆئەو زەمەنەی کە دەقەکەی تیادا نووسراوە ، لەوێیشــەوە ، ناڕاســتەوخۆ پێمان دەڵێت کە داهاتوویەکی حەتمی و کۆنکرێتی لە هۆش و نەســتی ئەواندا چەســپیوە ، ئەویش ئازادبوونی کوردســتانە لە داهاتوودا ، کە ڕەنگە زرنگانەوەکە لەو داهاتوەوە بێت، ســەبارەت بە وێنە شــیعریەکانی ناو ئەم دەقە ، دەتوانین بەچەند جۆرێك پۆلێنیان بکەین :

**یەکەم** : چەند وێنەیەك لای هەردووشــاعیر ، لە دیمەنی گشــتییاندا لێکنزیکن و هاوبەشــییەك لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت ، ئەوەیش کارێکی ئاســاییە ، چونکە هەردوو شــاعیر لەهەمان بارودۆخی دەروونیی ناجێگیردا بوون و پەنا هەندەیی و دووری لەزێد و نیشتیمان و کەسوکاریان ، سترێسێکی دەروونیی چوون یەکی بۆ درووستکردون ، ئەمە جگە لە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ کلتور و شارستانیەتی ڕۆژئاوا ، کە تەواو جیاوازبوە لەوەی خۆیان ، بۆیە ئەو وێنە شــیعریانەی کە ڕەنگدانەوەی نەســت و نائاگایی و باری نۆســتالیژیی بن تاڕادەیەك لەیەك دەچن و فەزایەکی شــیعریی لێك نزیکیان ڕۆناوە ، بەجۆرێکن کە هەســت بە یەك مۆتیڤی هاوبەش دەکرێت تیایاندا ، چونکە هەمان کەرەســتەی دەروونی و هۆشــەکی هاوبەش لە دەقی هەردوو شــاعیردا ئامادەیە و ئەدۆنیس گوتەنی : " مرۆڤەکان لە زمانی ئارەزوە لاشعوریەکانیاندا هاوبەشن" [٤٨] , بۆنموونە بابڕوانین لەوێنە شیعریەکانی ئەو دەقەی کەلە ژێر ناونیشانی (جانتا) دایە :

**" جانتا**

ئای جانتاکانی من گرانن ، هەردوو بازووم شل

دەبن تا دەگەمە ماڵی هاوڕێیەك ، ئوتێلێك ، یاماڵی خۆم " [٤٩]

**(ئەحمەدی مەلا)**

---

٤٦ هەژار موکریانی ، هەنبانەبۆرینە (فرهنگ کردی - فارسی) ، چاپی پێنجەم ، ل٣٧٧.

٤٧ ئەحمەدی مەلا و فەرهاد پیرباڵ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥١.

٤٨ أدونیس , الصوفیه و السوریالیه , ل١٢٧.

٤٩ ئەحمەدی مەلا و فەرهاد پیرباڵ ، (زرنگانەوەی داهاتوو ) , گۆڤاری شین ، ژ١ ، ئاداری ٢٠٠٤ ، ل٥٣.

" **جانتا**
جانتا پشیلەیەکی ئیزعاجە بەسەرشانمەوە
هەندێ جار لەشەقامەکانی (سانت میشێل) و
(سانت ژێرمەن) دا
لەم باوەشمەوە دەیخەمەناو ئەو باوەشم " [٥٠]
**(فەرهاد پیربال)**

لەم دوو دەقەدا وێنەیەکی لێکچوو دەبینرێت ئەویش بێزاریە لە جانتا ، بەڵام ئەم بێزاریە لەقورســـی جانتادا نیە وەك بونێکی ماتریالی و فیزیکی، هێندەی ئەوەی لەڕوی دەروونیەوە ئەو دوو شاعیرە لە جانتا ماندوون.

**دووەم :** لەهەندێ شـــوێنی تردا ، دوو نەفەســـی جیاوازی شـــیعریی دەبینین ، کە هەریەکەیان ڕەنگدانەوەی باری تایبەتی دەروونی و تەقاندنەوەی هەســـتی نائاگای خۆیەتی ، وێنەکان دوورن لە یەکتریەوە وەك ئەوەی هەر ئاگاداری یەکتری نەبووبێتن کە چی دەنووسن ، نموونەش لەم دەقەی لای خوارەوە دا دەبینین :

" **ڕۆژنامە** [٥١]
لاپەڕەی یەکەم دەنگوباسی درۆ ، لاپەڕەی دووەم
درۆی دەنگوباس ، لاپەڕەی سێیەم درۆ و دەنگوباس
تێکەڵن ، لاپەڕەی چوارەم فێڵی دەنگ و باس ، لاپەڕەی
پێنجەم دەنگوباس و فێڵ ، لاپەڕەی شەشەم هەردوو
بەیەکەوە .
....................
تادەگاتە ئەوەی کە شاعیر دەڵێت :

" ڕۆژنامە نایەتە ئەمماڵەی من " [٥٢]
**(ئەحمەدی مەلا)**

"**ڕۆژنامە** [٥٣]
من هیچ دوژمنایەتیەکم لەگەڵ ڕۆژنامە نییە
ئەگەر هەشمبێ ، ئەوا هی سەردەمی منالّیمە

---

٥٠ سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٣ .
٥١ سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٢.
٥٢ ئەحمەدی مەلا و فەرهاد پیربال ، (زرنگانەوەی داهاتوو ) گۆڤاری شین ، ژ ١ ، ئاداری ٢٠٠٤ ، ل٥٢.
٥٣ سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ڕۆژنامە خراپەی چیی هەیە ؟ "

**(فەرهاد پیرباڵ)**

لایەنێکی تری ئۆتۆماتیکیەتی ئەم دەقە بریتیە لەخۆڕەهاکردنی تەواو و شکاندنی بەربەستەکان و تێکشکاندنی سانسۆری وشە و دەربڕین و بەهەند وەرنەگرتنی لایەنی کۆمەڵایەتی و دابونەریت و کلتور بۆ نموونە لە دەقی (ڕۆژنامە) دا فەرهاد پیربال دەڵێت :

" لەبەردەم قوتابی و دختۆر و فەرمانبەر و خەڵکی[٥٤]

دیکە ، خۆی ڕووت و قووت دەکاتەوە

ئەوانیش بە کەیفی گونی خۆیان

تەماشای دەکەن و لاپەڕەکانی هەڵدەدەنەوە . "

یاخود لەو دەقەی کەلە ژێر ناونیشانی (عارەب) ە فەرهاد پیربال دەڵێت :

" ئەوەتا شاعیری گەورەمان دەڵێ : برایەتی کورد و عەرەب زۆرکۆنە[٥٥]

تەئریخ شاهیدە ، هەڵەبجە و کیمیاوی و ئاوارەیی و ئەم

شتەقۆڕانە چین . . با لە داخا یەخەی خۆیان دا بدڕن ،

گووبخۆن ! "

لەم دەقانەدا شاعیر بەوپەڕی ئازادیەوە ، چی لە ناخیدا بوە و چۆن بۆی هاتوە ، بەهەمان شێوە و عەفەویانە دەری بڕیوە ، بەوەیش ناسنامەیەکی سوریالیانەی داوە بە دەقەکە ،لەو وشانەیش بۆ نموونە : (بەکەیفی گونی خۆیان ، ئەم شتە قۆڕانە ، گووبخۆن) ، کە ئەم وشانە پێشتر لە شیعری کوردیدا باونەبوون و فیلتەرکراون ، بەڵام لێرەدا لە قاڵبی دەربڕینی ئۆتۆماتیکیدا بونەتە بەشێك لە دەقەکە .

هەوڵێکی تری نووسینی ئۆتۆماتیکی ، کە بەتەکنیکی کۆنووسی شیعری نووسراوە ، بریتیە لە دەقگەلێکی هاوبەش بە ناوی:(جەنگ ئاوهای لێکردین)[٥٦] ، لە نێوان (٢٣) شاعیردا نووسراوە ، لەبارەی بیرۆکەی ئەم کارەهاوبەشەوە ، لەچاوپێکەوتنێکدا نووسەر و شاعیر ، (عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی) ، کەخۆی یەکێك بوە لە بەشداربوانی کۆنووسە شیعریەکە وتی : " لە ئێوارەی ١٢ / ٦ / ١٩٩٧ ، لە یانەی فەرمانبەرانی سلێمانی ، چەند شاعیرێك کۆبوینەوە ،بڕیارماندا شیعرێکی بەکۆمەڵ بنووسین بەشێوەی ئەزموونی نووسینی ئۆتۆماتیکی ، بۆ ئەو مەبەستەیش هەریەکەمان پێنووس و کاغەزی خۆی ئامادەکرد ، بەخێرایی و بێ بیرکردنەوە و بێ گرنگیدان بە پرانسیپەکانی جوانی و زمان و بە پشت بەستن بە داڕژانی هۆش و عەفەویانە ، تێکڕا لەسەر یەك ناونیشان دەستمان کرد بە نووسین بەبێ ئەوەی ئاگاداری ناوەرۆکی نووسینەکانی یەکتری بین ، ئامادەبوەکانیش بریتی بوون لە : (عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی ، فەرهاد پیربال ، قوبادی جەلیزادە ، لەتیف هەڵمەت ، نەوزاد عەلی ئەحمەد ، فەرەیدون پێنجوێنی ، دلاوەر قەرەداغی ،دلشاد عەبدوللا ،

---

٥٤ سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٢ .

٥٥ سەرچاوەی پێشوو ، ل٦١.

٥٦ گۆڤاری وێران ، ژمارە ٥ ، هاوینی ١٩٩٧ ، ل٧ .

ڕەئوف بێگەردی چیرۆکنووس)، بەڵام ڕەئوف بێگەرد تەنها ئامادەبوو لەگەڵمان و بەشداری شیعرنووسینی نەکرد . " [٥٧] ، پاش ئەم دانیشـــتنەی ســـلێمانی ، چەند شـــاعیرێکیان هەمان ناونیشـــانیان بردە هەولێرو چەند شـــاعیرێکی دیکە بەشـــداربوون تیایدا ، " لەهەولێریش لەنۆ و نیوی شـــەوی ١٩٩٧/٦/٢٠ ، بەهەمان شـــێوە . . " [٥٨] ، ئەم نموونانەی لای خوارەوە هەندێك لەبڕگە و کۆپلەی چەند دەقێکی ئەو کۆنووسە شیعریەن :

**" لەتیف هەڵمەت** [٥٩]

جەنگ سواڵکەرێکی بێ تەماحە ، پارەو زێڕی ناوێ
حەزدەکات لە کەشکۆڵە دووکەڵاوییەکەیدا
سەری خوێناوی و دەرپێ و شەڕواڵی دڕاو کۆکاتەوە

....................

....................

تادەگاتە ئەوەی کە شاعیر دەڵێت :

جارێکیان لە تەلەفزیۆنێکدا بینیم پێدەکەنی
ناودەمی پڕبوو لە شووتی قاش کراو
نازانم ، لەوانەیە کۆگایەکی پڕ
لە دەرپێ و ستیانی سووری ژنانەبووبێ
دەشێ کۆمەڵێ مەمکی ئاسنین بووبێ .
ئۆی ... ئۆی ... ئۆی ....
تاق ... تاق ... تووق
گرم .. گرم ..
زرم .. زرم
ئۆی ئۆی ئاگاتان لەخۆتان بێ"

ئەگەر لەم دەقە بڕوانین ، دەبینین سەرەتاو دەستپێکی شیعرەکە لە زمان و شیعری ئاساییەوە نزیکە ، هەست بە نالۆژیك و ناماقووڵ ناکەین تیایدا ، حەزی جەنگ بۆ کۆکردنەوەی ســـەری خوێناوی و جلی دڕاو ، وینەی شـــیعرێکی ئاسایی دێنێتە بەرچاو ، بەڵام لەگەڵ بەردەوامی و درێژەپێدانی دەقەکەدا بنەماکانی داڕژانی هۆش و هەژانی نەست و نائاگایی ، شیعرەکە جۆش دەسەنێت ، ناخود ئاگایانە فۆرمی عەفەویەت و زمانی ناباو و ئازاد و بچڕبچڕبوونی وشە و پەرتەوازەیی بیر زاڵ دەبێ بەســـەر دەقەکەدا "ســـوریالیســـتەکان لە ئەنجامی ئازادکردنی خەیاڵەوە ، ئازادی زمانیان

٥٧ چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ نووســـەر و شـــاعیر : (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی) ، لەڕۆژی ٢٠١٨/١٢/٢٥ کاتژمێر (٢) ی دوانیوەڕۆ لەبنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ – سلێمانی .

٥٨ گۆڤاری وێران ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٧ .

٥٩ لەتیف هەڵمەت ، جەنگ ئاوهای لێکردین ، گۆڤاری وێران ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١١ .

دەســـت دەکەوت . " [٦٠] ، بۆیە لێرەدا وێنە و دەربڕینەشـــیعرییەکان لە پۆرتریێت کێشـــان و وێنەگرتن و کۆپیکردن و وێنەگرتنی زیهنیی دیاردەکانەوە بەرەو ئازادی ڕەهای زمان ڕۆیشـــتوون و لە دووبارەکردنەوەی دەنگ و هاوار و ئای و ئۆی و تاق و تۆق و گرمە و زرمەدا بەرجەسـتەبوون ، لێرەوە ناسـنامەی وێنە و شـێوەی دێڕەکانی پێشـووی لەدەسـت داوە و بە تەواوەتی لەگەڵ دێڕەکانی پێش خۆیدا بچڕانی تێکەوتوە ، بۆیە دەقەکە مۆرکێکی ئۆتۆماتیکی دەروونی بەخۆیەوە بینیوە .

**" عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی**[٦١]

سەرخۆشی ،

سەرخۆشی عاقڵان ،

دەمداتە دەشتی لم .

قاقای هێوربوونەوەی لە هەنگوین هەڵدەستێ .

هاتم سەرخۆش بوون

دارشەق و چیلکە بێ ڕۆحەکان ،

قلّپ بوونەوەی قەوارە هەناسەی شەوبۆ دەمژێت .

سەرە بێچوەکان دووام دەکەون .

ئەستێرە تاریکەکان بێ دامان نایەنە لەپمەوە

ڕۆژباش نا ،

شەوباش قاقابیانیەکان ، شەوباش

ڕۆژباش ، خواردنی سەرخۆشان . "

پایەیەکی سەرەکی وڕەگەزێکی گرنگ لەم دەقەدا بریتیە لە پارادۆکسی سوریالییانە، کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بونیاتی دەقەکەی لەســەر هەڵچنراوە ، چەند وشــە و دەربڕینێکی دژیەکی تێدایە ، کە هەندێکیان بەشـێوەیەکی خێرا ئاراستەی دەقەکە دەگۆڕن ، بەپێی ئەوەی کە شاعیر خۆی لەسەرەوە ئاماژەی پێداوە ، بەبێ بیرکردنەوە و بەشێوەیەکی عەفەویانە و خێرا دەقەکەی ئەفراندووە ، لەبەرئەوە ڕســتە و دێڕ و وێنەکان لە ئەمبەراوبەرکردن وبازدانی خێرادان ، بۆیە کتوپڕ زیهن و دیدی خوێنەر دەگوازنەوە لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی تری پێچەوانەی ئەو و بەرەو کردنەوەی چاڵەکانی ئیدراکیان دەبەن وروژاندنێکی عاتیفیان لەلا درووست دەکەن ، شاعیر پارادۆکسی وەك ئیقاعێکی گەردوونی و جەدەلیەتی مانەوە و بەردەوامی گرێداوە بە جەنگەوە ، چونکە خودی جەنگ لەســـەر دیالێکتێکی : (ژیان X مردن) بونیات نراوە و ئەوە پاڵنەری غەریزیی و فیتریی مرۆڤە بۆ ژیان و مانەوە ، کە لەناوبردنی ئەوانی تر درووست دەکات، سەبارەت بە دەربڕینی پارادۆکسی دەتوانین ئەم نموونانەی تیادا ببینین :

سەرخۆشی X عاقڵی

قاقا X هێوربوونەوە

٦٠ السوریالیە فی عیون المرایا ، ترجمە و إعداد : أمین صالح ، ل١١٥.

٦١ عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی , جەنگ ئاوهای لێکردین ، گۆڤاری وێران ، ژمارە (٥) ، هاوین ١٩٩٧ ل ٢٣.

ئەستێرە X تاریك

(ڕۆژ) باش X (شەو) باش

هەریەك لەو وشانەی سەرەوە ، پۆلینی جیاوازیان بۆ دەکرێت و سەربەجیهانی تایبەتی خۆیانن و ئەرکی زمانیی و مەعریفی جیاوازیان هەیە ،بەڵام لێرەدا ئەم وشە پارادۆکسییانە ، کلیلی گۆڕینی خێرای ڕێڕەوی دەقەکەن وڕێگە نادەن دەقەکە لە مۆتیڤێکی یەکگرتوودا کۆببێتەوە و بە درێژایی دەقەکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لەگەڵ خۆیاندا پەلکێشی دەکەن ، هەروەها لە دوو دژ ، چەمکی دژی تر درووستکراوە ، ئەویش ئەوەیە کە لەکۆی ئەو دژیەکانەدا پەیامێکی هۆشەکی هەیە کەلە نەستی شاعیردا جێگیربوە ، ئەویش دووانەی (جەنگ X ئاشتی) یە ، بەڵام لە ستراکتۆری دەقەکەدا (جەنگ) زاڵترینیانە و ئەوەیش دوالیزمی ئەم شاعیرەی کردوە بەخاوەن ناسنامەی تایبەتی خۆی، کە هەڵقوڵاوی نەست و ناخودئاگایەتی و ئیستاتیکای تایبەتی داوە بە دەقەکە ، وەك (جان کوهن) لەبارەی ئیستاتیکای دوالیزمی دەقی ئەدەبیەوە پێی وایە کە دووانەی دژبەیەك لە بنچینەدا هەڵقوڵاوی دووکەناڵی جیاوازن ، یەکەمیان بریتیە لە سیستمی هەستکردن لە ئاگایی مرۆڤدا ، دووەمیشیان لەنەستدا حەشاردراوە ، وەرگریش لە تێکەڵاوکردن و ڕێکخستن و سیستماتیك کردنی نێوان ئەم دوو دژە و لە نێوان بەیەك گەیاندنی ئاستەکانی زمان و وێنەدا ، هەستی جوانیی لەلا درووست دەبێت [٦٢]، ئەمەیش سەلمێنەری ئەوەیە کەشاعیر لەم دەقەدا بەمەبەست و ئاگایانە هەوڵی درووستکردنی جوانی نەداوە ، بەڵکو لەدەقەکەدا جوانیی خۆی سەپاندوە، ئەویش لە ئاکامی عەفەویەتی نووسین و ئاوێتەبوونی دەربڕینەکان لەگەڵ ناخ و دەروونی شاعیردا.

**دلاوەر قەرەداغی**

" کە جەنگ هەڵایسا [٦٣] ،

لێرە ، هاوڕێکەم نوقوڵی کاکاوی دائەکرماند

کوڕەکەم دەفتەری تەلەفونەکەی موتاڵائەکرد

٢١٣٤٥٧ هەولێر : ماڵی عەبدولخالق مەعروف

٤٢٥٩٦٦ سلێمانی : ماڵی ئەریوانی عومەر دەوڵەت

٤٥٧٣٤ سلێمانی : ماڵی دڵشاد مەریوانی

٥٢٧٤٥٢ کەرکوك : ماڵی ئازاد هەورامی

٤٩٣٢٧ زاخۆ : ماڵی خانی

٢٩٠٤١ : باخچەکەی ئەميناتا

٧٢٩٠١ : شوقەکەی ئازاد صوبحی

کە جەنگ هەڵایسا ، من دەنگم نەدابوو .

پێشتریش دەنگم نەدابوو .

لەزەنگی دەرگا درا

---

٦٢ د. سمر الديوب، مصطلح الثنائية، مجلة عالم الفكر، العدد ١ ، المجلد ٤١، يوليو – سبتمبر ، ٢٠١٢، ل ١١٩ .

٦٣ دلاوەر قەرەداغی ، جەنگ ئاوهای لێکردین ، گۆڤاری وێران ، ژمارە - ٥ ، هاوین ١٩٩٧ ل١٧.

بەرلەوەی دەرکی حەوشە بکەمەوە
زەنگی تەلەفۆن بانگی کردم
بەرلەوەی وەڵام بدەمەوە ئەو مردبوو ! "

لەم دەقەدا ناونیشان، کە (جەنگ ئاوهای لێکردین)ە ، بەشێوەیەکی کتوپڕ چەند خەیاڵێکی لای شاعیر دروستکردوە ، سەرجەمیان سەر بەجیهانێکن کە پڕە لە ئاماژەی ناڕاستەوخۆ بۆ مردن ، بەڵام ئەم خەیاڵە جیاوازە لە خەیاڵی ئاسایی ، چونکە خەیاڵی شاعیر لەباری ئاساییدا، بەتایبەتی لەدەقی ڕۆمانتیکیدا سەرچاوەکەی لەهەستەوەیە، بەڵام لێرەدا سەرچاوەی خەیاڵ لەنەست و ناخود ئاگای شاعیرەوە هەڵدەقوڵێت ، شاعیر لەم دەقە ئۆتۆماتیکیە خێرا نووسراوەدا ، کەرەستە خاوەکەی لە بیرۆکەی گشتی و دەلالەتی پشت ناونیشانەکەوە هەڵێنجاوە ، ناوە دراوەکانی ناو ئەم تێکستە زۆربەیان ناوی کەسانێکن ، کە قوربانیی جەنگ و فیشەك و پەتی سێدارەن ، (عەبدولخالق مەعروف ، ئەریوانی عومەردەوڵەت ، دڵشاد مەریوانی ، ئازاد هەورامی ، ئازاد صوبحی . . ) ، ئەم ناوانە لەیادگە (ذاكرة) ی شاعیردا تەداعی مەرگ و کۆچی یەکجاری دەکەن بەهۆی جەنگ و دەرهاویشتەکانی جەنگەوە ، هەریەکەیان لەکات و شوێنی جیاواز و بەهۆکاری دەرهاویشتەی شەڕ ماڵئاواییان لەژیان کردوە ، بۆیە لەنەستی شاعیردا شوێن و کاتەکان و ئایکۆنەی کەسەکان چەسپاون ، لەئەتمۆسفێری ئێستای دەقەکەدا جارێکی تر دەبنەوە بەرەگەزی باڵادەست ، لە لایەکی تریشەوە وشەی (تەلەفۆن) ، وەك ئامێرێکی گەیاندنی هەواڵ و گواستنەوەی دەنگ ، لەقۆناغی پڕ شەڕ و شۆڕ و جەنگدا ، کەمتر هەواڵی خۆشی پێ دەگوازرێتەوە ، زۆرجار لەئەنجامی زەنگی تەلەفونەوە پەیامی جەرگبڕی مەرگی ئازیزێك بیستراوە ، بۆیە لێرەدا دەکرێ تەلەفۆن وەك داهێنراوێکی دنیای مۆدێرن و سیمبولی شار ، لای ئەم شاعیرە تەداعی هۆشەکییانەی مەرگ بکات ، لەدێڕەکانی کۆتاییشدا ، (زەنگی دەرگا) و (زەنگی تەلەفۆن) ئەرکی هاونیشینان هەیە و هەردووکیان هاوتەریب دەوەستن لە ئامادەسازیی بۆ وەرگرتنی هەواڵی مەرگێکی لەناکاو ، هەندێك لە توێژینەوە دەروون ناسیەکانیش لەبارەی ئەفراندنی دەقی شیعرەوە ئاماژەیان بۆ ئەوە کردوە کە: " شاعیر بۆ هەردەقێك کە دەینووسێت ، لە دەروونی خۆیدا ڕابردوویەك هەیە ، کە بوەتەهۆی داهێنانی ئەو بەرهەمە ، تەنانەت لەو شیعرانەیشدا کە زادەی ئان و ساتی هەنوکەیی و ئێستان ." [٦٤]، دیارە ئەو ڕابردووەیش سەرجەم لایەنە عەمبارکراو و کەڵەکە بوە نووستوەکانی ناخی شاعیر دەگرێتەوە ، کە بەشێکن لە ڕابردوی (من) ی شاعیر ، بەم پێیەش بێت لەساتی نووسینی دەقێکی ئۆتۆماتیکیدا ، (من) لەسەر سێ ئاست یەکدەگرێت ، (من) ێکی ڕابردوو ، (من) ێك لەکاتی ئێستادا ، (من) ی ناو دەقە شیعریەکە ، کە هەڵقوڵاوی نەست و ناخودئاگای ئەو دوو (من) ەی پێشوە ، بەم پێیەش بێت هەرسێ (من) ەکە ، لەسەرئاستی ناخ و دەروون ولایەنە کەڵەکەبوەکانی نەست یەکدەگرن و دەتەقنەوەو لەفۆرمی شیعردا بەرجەستە دەبن .

**"فەرهاد پیرباڵ** [٦٥]
ئێمە کوڕی جەنگین

---

٦٤ د. مصطفى سويف , الاسس النفسية للإبداع الفنى , فى الشعر خاصة , ل٢٧١.

٦٥ فەرهاد پیرباڵ ، جەنگ ئاوهای لێکردین ، گۆڤاری وێران ، ژمارە (٥) ، هاوین ١٩٩٧ , ل٢٢.

جەنگ ئێمەی لێرە کۆکردوەتەوە
جەنگ ئەم جیلەی ئێمەی _ ئاوها بەدبەخت و کەر و کەڕ و گێژ _ کرد
جەنگ بێژنگی شیعرەکانی ئەم سەردەمەیە
جەنگ باوکی هەموو ئەم جیلەیە
جەنگ دایکی هەموومانی گا . "

ئەمەی سەرەوە کۆپلەی کۆتایی یەکێك لەو دەقە ئۆتۆماتیکیانەی ناو کۆنووسە شیعریەکەیە ، شاعیر لە ئەنجامی درێژەپێدانی ڕیتمی خێرا و عەفەویەتی نووسین و هەڵچوون و داچوونی شیعریی و بەرەو پێشچوون و هەڵکشانی نەست و دەروونی خۆیەوە دەقەکەی بە ئاکام گەیاندوە ، لەفۆرمی شیعرەکەیشدا جگە لە ڕستەی یەکەم سەرجەم دێڕەکان بە وشەی (جەنگ) دەست پێدەکەن ، وێنەکان بە خێرایی بەرەوپێشەوە چوون بەئاراستەیەکی نادیار و نەخشە بۆ نەکێشراو ، لەوانەیە شاعیر خودی خۆیشی چاوەڕوانی ئەوەی نەکردبێت ، کە ئاستی دەربڕینەکان بگەنە ئەوەی وشەی (کەر ، کەڕ ، گێژ) بەکاربهێنێت ، یاخود بڵێت : (جەنگ دایکی هەموومانی گا) ، هەندێك لەو وشانەی کە لەمجۆرە دەقانەدا بەکاردەهێنرێت ، پێشتر لە شیعری ئاساییدا بە وشەو دەربڕینی نەشیاو دانراون و بەکارنەهێنراون ، یاخود بەکارهێنانیان بە ئەندازەی سنوردار بوەو تەنها لە چەند مەبەستێکی دیاریکراوی شیعریی وەك داشۆریندابوە ، بەڵام لە شیعری ئۆتۆماتیکیدا هیچ وشەیەك هێڵی سوور نیەو هەموو وشەیەك بۆکەرەستەی شیعر دەشێت ، ئەوەیش لەوفەلسەفەیەی نووسینی ئۆتۆماتیکیەوە سەرچاوەی گرتوە ، کە پابەند نابن بە هیچ جۆرە چاودێرییەك بەسەر شیعرەوە و وشەکان چۆن هاتن، بەهەمان شێوە بەکاریان دێنن و دەستکاری و گۆڕانکارییان تیادا ناکەن ، زۆرجاریش بەهای ئیستاتیکی و هونەری و شیعریەتی دەقەکان لەم پابەند نەبوونانەی شاعیرەوە دروست دەبن و دەقەکە دەکەن بە خاوەن ناسنامەی تایبەتی خۆی ، ئەم دەربڕینانە کە هەڵقوڵای زمانی ڕەشۆکی خەڵکن ، چڵەپۆپەو ترۆپکی کاردانەوەی دەروونیی و زمانی نەست و تەقینەوەی ناوەکیی شاعیرن بەرامبەر دۆخی نەرێنی جەنگ و لێکەوتەکانی ،لەلایەکی تریشەوە لەپشت بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانە و سودوەرگرتن لەفەرهەنگی ڕەشۆکی خەڵك ، ئاماژەی ڕۆچوونی ئۆتۆماتیکیانەی شاعیر دەبینرێت بەناخی کێشە و وردەکارییە دەروونیەکانی خەڵکدا ،وەك (ت.س.ئیلیۆت) لەوبارەیەوە دەڵێت : " پێویستە شیعر زۆر دوورنەکەوێتەوە لەوزمانە ئاساییەی کە ڕۆژانە خەڵکی سادە بەکاریان دێنێت . "[٦٦]


دەقێکی تری ئۆتۆماتیکی لەم قۆناغەدا ، ئەم شیعرەی (عەباس عەبدوڵلا یوسف)ە:

" فیل و بەرمیل
پیل و پیل
بەرمیل و فیل "[٦٧]

٦٦ أ . د . موسى ربابعة , جماليات الأسلوب والتلقي – دراسات تطبيقية , الطبعة الأولى , مؤسسة حمادة للدراسات الجامعية والنشر والتوزيع , اربد – الاردن , ٢٠٠٠ , ل١١٢.

٦٧ عەباس عەبدوڵلا یوسف ، کلکی کتکی پرسیارە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر – ٢٠٠٧ ، ل٥٣.

ئەمە یەکێکی ترە لەو دەقانەی کە بەشـــێوەیەکی ئۆتۆماتیکیانە نووســـراوە ، لەفۆرمدا گەمەیەکی ئیقاعیە و لە دووبارەکردنەوەی چەند وشـەیەك بەشـێوەی پێش و دواخسـتن ، قەوارەیەکی کورتی دەنگیی درووسـتکردوە ، پاشـان ڕووە لە جیهانی ناوەوەی دەقەکە دەکات و پرسیاری جۆراوجۆر هەڵدەگرێت ، ڕەنگە لە سەرەکیترین ئەو پرسیارانەیش ئەوە بێت ، چی پەیوەندییەك هەیە لە نێوان (فیل) و ( بەرمیل) دا ، چونکە بونیادی گشـــتی دەقەکە لەســـەر ئەم دوو وشـــەیە هەڵچنراوە ، کەچی ســـەر بە دوو جیهانی جیاوازن و هیچ ڕایەڵەیەك کۆیان ناکاتەوە و خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا نیە جگە لە دەنگ و ئاواز نەبێت ، بەڵام ئەو پەیوەندییە لە وەڵامێکی سادەی زمانەوانیدا کورت ناکرێتەوە ، بەڵکو لەپشـتی دەلالەتەکانیەوە ڕەهەندی دەروونی و خودیی شـاعیر هەن ، کە بوون بە بونیاتنەری دەقەکە ، هەروەها کۆکردنەوەی ئەم وشـــە دوور لەیەکانە ، جۆرە ســـیمایەکی نالۆژیکیشـــی داوە بە دەقەکە و جارێکی تریش لێرەوە لە سـنورەکانی ئۆتۆماتیزم نزیك دەبنەوە ، خاڵێکی تری ئەم دەقە بریتیە لەوەی کە شـاعیر دەنگی ناباو و خۆکردی خۆی هێناوە و لەگەڵ ڕیتمی شیعرەکەدا گونجاندوویەتی ، ئەویش وشەی (بیبل)ە ، کە لێرەدا تەنها ئەرکێکی دەنگیی هەیە و بە تاڵە لە ئەرکی واتایی و شاعیر بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکیانە ڕۆیناوە ، بەڵام لە ڕوی ئەرکی شیعریەوە گرنگیەکەی لە وشـــەیەکی واتادار کەمتر نیە ، چونکە جگە لە ڕێکخســـتنی دەنگ ، لەهەمان کاتدا بردنی زمانە بە ئاراســـتەی لایەنی دەروونی ، هەروەها جوانییەکی سوریالیستانەیشی داوە بەدەقەکە ، دەبێ ئاماژە بەوەیش بکەین ، کە ئەم شیعرە تەنها بە (ناو) و (ئامرازی پەیوەندی) درووســـتکراوەو لە بەرامبەردا نە (کار) و نە (هاوەڵناو) و نە هیچ دانەیەکی تری زمانیی تیادا نیە و بەمەیش بەتاڵە لە سیفات و ئەرکە سینتاکسیەکانی ڕستەیەکی درووست و تەواو ، بە پێی یاسای گرامەری بوایە ، دەبوو بە گرێ و بەوەیش واتایەکی درووســـتی نەدەبەخشـــی، کەچی ســـەرەڕای ئەو فۆرمە ناگرامەریەیش ، خـاوەن هێزێکی دەلالی و هۆشـــەکیـە و ئـەوەی لـەبـاردایـە ، کـە بـەردەوام لـەگـەڵ خوێـنـدنـەوەیـدا واتـای نوێی لێ هەڵبگۆزرێت، هەروەها دووبارەکردنەوەی (بەرمیل) و (فیل) بەشـــێوەی پێچەوانە لە کۆتایی دەقەکەدا ، بۆ بەخشـــینی واتای قووڵترە و ڕامانی زیاتری پێویسـتە بۆ کردنەوەی لوغزە شـاراوەکانی ، ئەو دوو وشـەیەیش بەمجۆرەی خوارەوە لە دەقەکەدا بەرامبەر یەکتری دەوەستنەوە :




هەر لە بواری دەنگیەوە دەتوانین خوێندنەوەیەکی جیاوازی تر بۆ ئەم دەقە کورتە بکەین ، ئەویش بابەتی تەداعیی دەنگیە و دەکرێت نائاگایی شـاعیر لە فۆرمێکی دەنگیدا بانگهێشـتی ئەو وشـانەی کردبێتە ناو دەقەکەو هەروەك چۆن ڕێیشـــی تێدەچێت ،کە ئەندازە و قەبارەی (فیل) لە زیهنیەتی شـــاعیردا تەداعی (بەرمیل)ی کردبێت ، وەك جۆرێك لە گونجاندنی نێوانیان بینیبێتی لەڕوی قەبارەی لاشـــەی فیلەوە و ئەمەیش لێکچوونێکی پێشـــوەختەی لە نەســـت و نائاگایی شاعیردا درووست کردبێت لەنێوان (بەرمیل) و (فیل) دا ، چونکە بەگشتی دیمەنی (فیل) زەبەلاحی و قەبەیی لە زیهندا دەچەســـپێنێ ، لەکاتێکدا کە (بەرمیل) یەکســـان نیە بە قەبارەی (فیل) ،بەڵام جۆرێك لە قەبەیی و ئەندازەی گەورەیی لە زیهنیەتی شـــاعیردا درووســـتکردوە ، ئەمەیش جۆرێك لە تەقاندنەوەی ئۆتۆماتیکیانەی وزە کۆکراوە و شـاردراوەکانی هەناوی وشـەکانە و ئازادکردنیانە بەڕوی واتا و دەلالەتی عەمبارکراوی ناخی وشـەکان و ڕەخسـاندنی دەرفەتە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پێکەوە بەستنی دوو وشەی لەیەك جیاوازەوە لەسەر چەندین ئاست ، واتای نوێ بەرهەم بێت و چیتر وشە لە قاڵب نەدرێت بە واتای سنوردار و هێنانە پێشەوەی لایەنە سڕ و متبوەکانی واتایی وشەیە .

شــاعیرێکی تری ناوپانتایی ئەدەبی نوێی کوردی (ســەباح ڕەنجدەر ) ە ، کە خاوەنی دەنگ و ســەنگی تایبەتی خۆیەتی ، ئەو جگە لە شــیعر وەك لایەنی پراکتیك ، لەهەمان کاتیشــدا دیدو ڕوئیای خودیی خۆی لە دووتوێی چەند مانیفیستێکی ئەدەبیدا خستوەتەڕوو ، هەروەها یەکێکیشە لەو شاعیرانەی ، کە توێژینەوە و وتاری جۆراو جۆری زۆر لەسەر بەرهەمەکانی نووسراوە ، بەڵام بە ئاماژەی نووسینی ئۆتۆماتیکی تائێستا توێژینەوەی لەبارەوە نەکراوە ، ئەمە لە کاتێکدایە کە خۆی لە مانیفێستەکانیدا سەرەداوی بۆ ڕەخنەگر و نووسەران فڕێداوە لەوبوارەدا ، لێرەدا بەدەقێکی شیعری لە دەرگای ئەزموونی ئەم شاعیرە دەدەین .

**بۆنە**[٦٨]

" سوپاس بۆ گوڵی بۆنەکان
ئەو گوڵەی لەیەکەم ڕۆژی لەدایکبوونم پێشکێشم کرا
ئەو گوڵەی لەیەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەم
ئەو گوڵەی لەیەکەم ژوانی دڵداریمدا
ئەو گوڵەی لە بڵاوکردنەوەی یەکەم شیعرمدا
ئەو گوڵەی لەچاپکردنی یەکەم کتێبمدا
ئەو گوڵەی لە ڕۆژی زاوایەتیم
ئەو گوڵەی لە لەدایکبوونی یەکەم منداڵمدا
من لە ژیان بەردەوامم
سوپاس بۆ کۆسەکانی لە بۆسەدا
گولەیان ملکەچی سیمرخی ڕژاوم کرد
ئەسپەکەم بەڕێگاوەیە
خرمەی ناڵی کەوانی مانگە و دەکرێتەوە
مۆسیقاژەنەکانی پەڵەی خوێن بەجلوبەرگیانەوە نییە
پەیژەی سروودی سیزیفی لەبەر دەنووسن "

لە دەستپێکی ئەم دەقەدا چەند وێنەو دیمەنێکی جۆراو جۆری وێستگە ڕابردووەکانی ژیان دەبینین کە لە فۆرمی ســوپاســدا خراونەتەڕوو ، مۆتیڤی وێنەکان نزیکن لە یەکتریەوە و ڕەنگدانەوەی چەند قۆناغێکی مێژوویی تەمەنی شــاعیرن ، کە لە نەســت و ناخودئاگای نوســتوی شــاعیردا ڕەگیان داکوتاوەو چەســپاون ، بەجۆرێك کاریگەرییان لای شاعیر درووستکردوە ، تەنانەت لەگەڵ خۆیاندا زیهنی شاعیریان گرێداوە لەگەڵ ئەو قۆناغەی تەمەن کە هیچ مرۆڤێك بەبیرو خەیاڵیدا نایەت ، ئەویش سەردەمی لە دایکبوونە " ئەو گوڵەی لەیەکەم ڕۆژی لە دایکبوونم پێشکێشم کرا . "[٦٩] ، هەر بەوەیش دەست بەدەربڕینی سوپاسەکانی دەکات و درێژەی پێدەدات تا ئەوکاتەی لە بۆنەی لەدایکبوونی یەکەم

٦٨ سەباح ڕەنجدەر،دیوانی سەباح ڕەنجدەر،بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم،چاپخانەی تاران– تاران ، ٢٠١٨ ، ل٣٥٠.
٦٩ سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٥٠.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

منداڵیدا گوڵی بەدەست دەگات ، بەڵام لە دێڕە شیعری دواتردا کتوپڕ بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئاراستەی دەقەکە دەگۆڕێت لە سوپاسگوزاری دۆستەکانیەوە بۆ سوپاسکردنی نەیارەکانی ،" سوپاس بۆ کۆسەکانی لە بۆسەدا " [٧٠] ، لێرەوە خوێنەر بەشێوەی چاوەڕوان نەکراو لەبەردەم سوپاسکردنی ناحەزانی شاعیردا لەو وەرچەرخانە خێراو لەناکاوە ڕادەمێنێت ، بەڵام بەتەواوبوونی دەقەکە ، جارێکی تر لە زیهن و ئاگایی خوێنەردا مۆتیڤی سەرەکی یەکگرتووی دەقەکە ڕوون دەبێتەوە ، ئەویش بەردەوامی ژیان و سەرکەوتن و هەنگاوونانی شاعیرە بۆ پێشەوە ، ئیتر ئەگەر دۆستەکانی گوڵی پێشکەش بکەن ، یاخود دوژمنەکانی پلان لە دژی بگێڕن ، ئەوەی لێرەدا دەقەکەی بردوە بەلای دەقێکی ئۆتۆماتیکیدا ، بریتیە لە ڕەگەزی کتوپڕیی و گۆڕانکاریی ئۆتۆماتیکیانەی وێنەی شیعریی ، وەك شاعیر لە مانیفێستە شیعریەکەیدا بەمجۆرە ئاماژەی بە چۆنیەتی پراکتیك کردنی ڕەگەزی کتوپڕیی کردوە : " جۆرێك لە پەرتی و بایەخنەدان بە یەکێتی بابەتم وەك ڕەگەزی کتوپڕیی پەیڕەوکردووە . "[٧١] ، ئەوەتا لەم دەقەدا شاعیر بەکتوپڕیی و لەناکاو بابەت و بیرۆکەی شیعرەکەی گۆڕیوە بە ئاراستەیەکی تردا و بەوەیش یەکێتی بابەتی لەڕووی بیری سەرەکیەوە گۆڕیوە ، ڕاستە فۆرمی شیعرەکە هەر لە وێنەی سوپاسکردندا درێژەی هەیە ، بەڵام لەناوەرۆکدا ڕاستەوخۆ جۆری سوپاسەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ، بوونی ڕەگەزی گۆڕانکاری کتوپڕییش ، مەرج نیە هەر بەتەنها لەسەر ئاستی دێڕ و کۆپلە و تۆبۆگرافیای بینراوی سەرکاغەزدا کورت بکرێتەوە ، بەڵکو بەهۆی ئەم ڕەگەزەوە گۆڕانکاری چاوەڕوان نەکراو و لەناکاوی هزریی لە ئایدیای دەقەکەدا ڕوودەدات ، شاعیر بە کاریگەری نەست و نائاگایی و سترێسە کپبوەکانی ناخ و دەروونی خۆی ، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکیانە بیر و سەرنجی خوێنەر لە دیمەن و وێنەگەلێکەوە فڕێدەداتە ناو فەزایەکی تری جیاواز لەوەی پێشوو ، وەك لەم دەقەدا دەبینرێت ، ئەمەیش لەگەڵ ئەو پێناسەی ڕەگەزی کتوپڕیدا یەك دەگرێتەوە ، کە دەڵێت : " مەبەست لە ڕەگەزی کتوپڕیی لەشیعردا بریتیە لەو کاریگەریەی کە دەق یاخود بەشێك لە دەق بەجێی دەهێڵێت لە ئاگایی و هۆشی خوێنەردا ، ئەویش بەهۆی ئەو لە هێڵ دەرچوونانەی کە بە شێوازی جۆراو جۆر لە دەقدا ڕوودەدەن و زیهنی خوێنەر ڕادەچڵەکێنن و کار لەسەر دەروونی دەکەن ."[٧٢] ، ئەو گۆڕانکاریە لەناکاو و چاوەڕوان نەکراوەی کە لەم دەقەدا هەیە ، مۆرکێکی ئۆتۆماتیکیی دەروونی هەیە و لە رابردووی ژیانی واقیعی ئەوەوە سەرچاوەی گرتوە و ناخود ئاگایانە لە ناخ و دەروونی شاعیر دا چەسپاون و ئۆتۆماتیکیانە پەڕیونەتەوە بۆ ناو دەقەکە ، ئەویش ئەو کێبڕکێ و ململانێ دوورودرێژە درووستی کردوە ، کە شاعیر لەژیانی خۆیدا لەگەڵ نەیارەکانیدا کردوونی ، ململانێی (سەباح ڕەنجدەر)یش لەچوارچێوەی کێبرکێی ئەدەبیدابووە ، ئەمەیش لە هەندێك شوێنی شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوەوخوێنەر دەتوانێت هەستیان پێبکات ، لە هەمان کاتدا خۆیشی ئەوەی نەشاردوەتەوەو بە ڕوونی لێی دواوەو لەنووسینێکیدا باس لە ناکۆکیی نێوان خۆی و (عەباس عەبدوڵلایوسف ، نەوزادڕەفعەت) دەکات[٧٣] ، هەروەها لە یادداشتە نووسینێکدا بەناوی ( شیعر و دەمانچەی ئاوی) باس لەجۆر و وردەکاری ململانێ و کێشەکانی خۆی دەکات لەگەڵ شاعیران : (حەسیب قەرەداغی) ، (ع . ح . ب) دا[٧٤] ، بەم پێیەش بێت ئەم گۆڕانکاریە شیعریە بەبێ هۆ پەیدانەبوە ، بەڵکو ڕەگوڕیشەو پێشینەیەکی شاراوەی قووڵیان هەیە و نەستی

---

٧٠ سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٥٠.

٧١ سەباح ڕەنجدەر ، چوار کتێب لەبارەی شیعرەوە ،چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی – ٢٠١٧ ،ل٢٩ .

٧٢ أ . د . موسى ربابعة , جماليات الأسلوب والتلقي – دراسات تطبيقية , ل٨٧.

٧٣ سەباح ڕەنجدەر ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦٢ -٤٦٤ .

٧٤ سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٧١-٤٧٢.

شـــاعیریان داگیركردوە ، بۆیە لەگەڵ دەرفەت و هەلی گونجاودا ، خراوەتە ناوشـــیعرەوە و تەقیوەتەوە ، لێرەوە ئاراســـتەیەكی دەروونیی داوە بەگوتاری دەقەكە و دەكرێت بە خاڵی داهێنانی دابنرێت ، هەروەك لای (ڕیفاتیر) بابەتی چاوەڕوان نەكراو لە دەقدا ڕەگەزی كتوپڕیی دروست دەكات و ڕەگەزی كتوپڕییش پایەیەكی گرنگی پرۆسەی داهێنانە و پەیوەندی دەبەســتێت لەگەڵ پرۆســەی وەرگرتن و وروژاندندا [٧٥]، بەمشــێوەیە دەتوانین ئەم دەقە بە دەقێكی ئۆتۆماتیكی دابنێین ، چونكە بونیاتی دەقەكە لەسەر هەڵڕشتن و ڕیزكردن و بەدوای یەكدا هاتنی وێنەی جۆراو جۆرن ، كە لەناخ و نەستی شاعیرەوە هەڵقوڵاون ، بەڵام لەناكاو و بەشێوەیەكی كتوپڕوچاوەڕوان نەكراو وێنە و دیمەنەكان گۆڕاون ، بەمەیش دەقەكە لە سیاقێكی زمانیەوە گۆڕاوە بۆ سیاقێكی هزری و هۆشەكی . بۆیە تەوزیف كردنی زمان لە پرۆســەی بە ئۆتۆماتیكی كردنی ئەم دەقەدا جێگای تێڕامانە ، ئەویش لەبەرئەوەی ، كە هەرچەندە شــاعیر بە ماتریاڵی زمان دەقەكەی ئەفراندوە ، بەڵام كاری لەناو خودی زماندا نەكردوە ، بەڵكو لێرەدا زمان ئامرازێكە و ناخ و دەروونی شاعیری بەرجەستەكردوە ، هەروەك لەبارەی زمان لەشیعری نوێدا (سەلاح حەسەن پاڵەوان) دەڵێت : " لەشیعری نوێی كوردیدا هەندێ هەوڵی پڕ تەوژم هەن كە لە نێو زمانەوە دەردەپەڕن و یارییەكانی خۆیان نیشــان دەدەن . "[٧٦] ، ئەم بۆچوونەی نووســەر ، بۆ ئەم دەقەی (ســەباح ڕەنجدەر) یش شــیاوە و لە جێگای خۆیدایەتی ، چونكە مەبەســت لە گۆڕانكاری لەزمانی دەربڕینی دەقەكە ، گۆڕانكاری و گەمەی زمانی نیە ، هێندەی كاردانەوەی دەروونیی شاعیرە .

بەمشێوەیە بۆمان دەردەكەوێت ، كە لەگەڵ سەرهەڵدانی سوریالیزم لەشیعری نوێی كوردیدا لەساڵانی حەفتاكانی سەدەی بیستەمەوە ، نووسینی ئۆتۆماتیكی وەك گرنگترین میكانیزمی ئەم ڕێبازە- سوریالیزم- هاتوەتە ناو جوگرافیای شیعری نوێی كوردیەوەو سەرەتا لە چوارچێوەی هەوڵی تاكوتەراو دەگمەندا بوە، پاشان شاعیرانی تر بەپێی سەردەم و قۆناغە جیاوازەكان پێی ئاشنابوون و گەشەیان پێداوە.

٧٥ أ . د . موسى ربابعة , سەرچاوەی پێشوو , ل٨٧.

٧٦ سـەلاح حەسـەن پاڵەوان ،شـیعری كراوە لەئەزموونی شـیعری نویی كوردیدا ،چاپی یەكەم ،دەزگای چاپ وبڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر- ٢٠١٠،ل١٠.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## ئەنجامەکان

١- نووســـینی ئۆتۆماتیکی یەکێکە لە گرنگترین میکانیزمەکانی داهێنان لە ڕێبازی ســـوریالیزمدا، کەلەیەکەم مانیفێستی سوریالیدا لەساڵی ١٩٢٤ەوە بنەماو پایە زانستیەکانی ئەم تەکنیکە دامەزراوە , بەڵام بەچەمکە زانستیەکەی لە ئەدەبی کوریدا لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزمدا لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە سەری هەڵداوە، سـەرەتا (عەباس عەبدوڵڵا یوسـف) دەسـتپێشـخەر بووەو پاشـان لەسـاڵانی هەشـتاکاندا تاڕادەیەك گەشـەی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە، لەم قۆناغەیشدا (محمدباوەکر)ی شاعیر دەستی بەمجۆرە نووسینە کردووە.

٢- لەساڵانی نەوەدەکان بەدواوە بەهۆکاری گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری لەباشوری کوردستاندا ئەم تەکنیکە زیاتر بەرەو پێشـــەوە چوو ، چەندین شـــاعیری نوێخواز لەمجۆرە شـــیعرەیان ئەزموون کردووە ، چەند بڵاوکراوەو گۆڤارێکیش گرنگی و بایەخی تایبەتیان بەسوریالیزم و نووسینی ئۆتۆماتیکی داوە ، شاعیرانی هەندەران و شاعیرانی ناوخۆی وڵات پێکەوە کاری جدیان لەبوارەکەدا کردووە .

٣- ( عەباس عەبدوڵڵا یوسف ، محەمەد باوەکر ، فەرهاد پیرباڵ ، ئەحمەدی مەلا ، ئەنوەر مەسیفی ، هاشم سەڕاج ) لەدیارترین ئەو دەنگە شـــیعریانەن ، کە ڕۆڵی ســـەرەکیان هەبووە لەمجۆرە شـــیعرەدا ، هەروەها چەند شـــاعیرێکی ترخاوەنی دەقی ئۆتۆماتیکین لەوانە:(عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، ســـەباح ڕەنجدەر، دلاوەر قەرەداغی، لەتیف هەڵمەت، ئیسماعیل بەرزنجی ....هتد ).

٤- نووســـینی شـــیعری ئۆتۆماتیکی لەناو شـــاعیرانی شـــاری هەولێردا زیاتر بەربڵاوە، بەشـــێك لەوانەیش هەمان ئەوشاعیرانەن کە لە ساڵانی هەشتاکاندا بە (گروپی پێشڕەو) ناسرابوون .

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردیەکان:

**یەکەم : کتێب:**

**أ – کتێبی کوردی:**


١. پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر ، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی ، وەرگێڕانی : ئەنوەر قادرمحەمەد ، بڵاوکراوەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی ـ ٢٠١٠ .

**٢.** ڕێبوار سیوەیلی , فەلسەفەی پێشسوکرات لەتالیسەوە تا دیمۆکریتۆس ، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم ، دەزگای زەریاب ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، ٢٠١٢

٣. ڕێبوار سیوەیلی ، مێژووی هزری کۆمەڵایەتی ، چ ١ ، بەرگی یەکەم ، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای زەریاب ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، ٢٠١١ .

٤. سامان عیزەدین سەعدون ، دەقە شیعریەکانی گۆران لەڕوانگەی دەروونناسیەوە ، چاپی یەکەم ، بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنوس ، سلێمانی ، ٢٠١٥ .

٥. سەباح ڕەنجدەر ، چوار کتیب لەبارەی شیعرەوە ،چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی – ٢٠١٧ ،ل٢٩ .

٦. سەباح ڕەنجدەر ، دیوانی سەباح ڕەنجدەر ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تاران – تاران ، ٢٠١٨ ، ل٣٥٠.

٧. ع . عەبدوڵڵا یوسف ، لم نیازمە ، چاپخانەی کوردستان – هەولێر ، ١٩٧٨.

٨. عەباس عەبدوڵڵا یوسف ، دیوانی ئاو ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی الشمال – کەرکوك ، ١٩٧٤ ، ل١١.

٩. عەباس عەبدوڵڵا یوسف ، کلکی کتکی پرسیارە ، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر – ٢٠٠٧

١٠. م. باوەکر ، هەڕمێن ، چاپخانەی (الحوادث) ، بەغدا – ١٩٨٥ .

١١. محەمەد باوەکر ، داستانی خمبابا ، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان ، بەغداد – ١٩٨٨ .

١٢. هەژار ، هەنبانە بۆرینە ، فرهنگ (کردی – فارسی) ، انتشارات سروش ، چاپ پنجم ، ١٣٨٥ .


**ب- کتێبی عەرەبی:**


١. أ . د . موسى ربابعة , جماليات الأسلوب والتلقي – دراسات تطبيقية , الطبعة الأولى , مؤسسة حمادة للدراسات الجامعية والنشر والتوزيع , اريد – الاردن , ٢٠٠٠ .

٢. أدونيس ، الصوفيه والسورياليه ، دار الساقی ، بيروت ، لبنان ، الطبعة الرابعة ،٢٠١٠ .

٣. أمين صالح ، السوريالية فی عيون المرايا ، الطبعة الثانية ، دار الفارابی ، بيروت ، لبنان ، ٢٠١٠ .

٤. پۆڵ ارون ، دينيس سان – جاك ، الان ڤاليالا ، معجم المصطلحات الأدبية ، ترجمه: الدكتور محمد حمود ، الطبعة الأولى ، المؤسسه الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع ، بيروت – لبنان ، ٢٠١٢ .

٥. د.خالد محمد فارس ، معجم الفنون الأدبية ، الجزء الثانی ، الطبعة الاولى ، دار اسامة للطباعة و النشر والتوزيع , عمان- الاردن، ٢٠١٦ .

٦. د.سامی الدروبی ، علم النفس والادب ، الطبعه الثانيه ، دار المعارف ، قاهرة – ١٩٧١ .

٧. د.مصطفى سويف ، الأسس النفسية للإبداع الفني في الشعر خاصة ، الطبعة الثانية ، دار المعارف_ بمصر .
٨. عبده مباشر , على شاطئ الفلسفه , الهيئه المصريه العامه للكتاب،٢٠٠٥ .
٩. فيليب فان تيجم ، المذاهب الأدبية الكبرى في فرنسا ، ترجمة: فريد أنطونيوس ، منشورات عويدات ، بيروت ، ١٩٦٧ .
١٠. ليليان هيرلاندز – ج.د.بيرسـى – سـتيرلنج . أ . براون، دليل القارئ الى الادب العالمى ، ترجمه: محمد الجوراء ، الطبعه الاولى،دار الحاقائق ، بيروت – لبنان،١٩٨٦ .
١١. ميشـيل كاروج ، أندرية بروتون والمعطيات الأسـاسـية للحركة السـريالية ، ترجمة: إلياس بديوي ، منشـورات وزارة الثقافة ، دمشق ، ١٩٧٣ .
١٢. هتشـنسـون ، معجم الأفكار والأعلام ، ترجمه: خليل راشـد الجيوسـي ، الطبعة الأولى ، دار الفارابي ، بيروت – لبنان ، ٢٠٠٧ .
١٣. والاس فاولي ، عصر السريالية ، ترجمة: خالدة سعيد ، طبعة جديدة منقحة، دار تكوين ، دمشق – سوريا، ٢٠١١.

**جـ - کتێبی فارسی:**

١. جمال ميرصادقى و ميمنت ميرصادقى (ذوالقدر) ، واژەنامه هنر داستان نوسيى،چاپ أول، تهران -کتاب مهناز، ١٣٧٧ .
٢. حسن شهباز ، سيرى در بزرگترين کتابهای جهان (جلد أول) ، چاپ سوم ، مؤسسة انتشارات أمير کبير ، تهران – ١٣٨١ .
٣. سرگذشت سوررئاليسم ، گفت وگوبا آندره برتون ، ترجمه : عبدالله کوثرى ، چاپ دوم ، نشرنى ، تهران -١٣٨٣ .

**د – کتێبی ئینگلیزی:**

1. Christian and Buddhisdist , New York , Harper & Brothers , 1957 , pp. 18 - 19 : Suzuki , Mysticism

**دووەم : گۆڤارو ڕۆژنامە:**

**أ- گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی:**

١. گۆڤاری وێران ، ژمارە ٥ ، هاوینی ١٩٩٧ .
٢. گۆڤاری شین ، ژمارە ١ ، ئاداری ٢٠٠٤ ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر .

**ب- گۆڤارو ڕۆژنامەی عەرەبی:**

١. مجلة الشعر ٦٩ ، العدد الثاني ، السنة الأولى ، حزيران ١٩٦٩ ، المؤسسة العامة للصحافة والطباعة – بغداد .
٢. مجلة عالم الفكر، العدد ١ ، المجلد ٤١، يوليو – سبتمبر ، 2012

**چاوپێکەوتن:**

چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ نووسـەرو ڕەخنەگر : عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی لەڕۆژی ٢٠١٨/١٢/٢٥ کاتژمێر (٢) ی دوانیوەڕۆ لە بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ – سلێمانی .